# دکتۆر کازم حەبیب لە ووتووێژێکی کراوەدا
# لەگەڵ خوێنەراندا لەسەر چەپ و ئاسۆ و کێشەکانی.


**ئامادەکردنی ووتووێژ: مازن لەتیف عەلی**
**وەرگێڕانی:  جیهاد محەمەد حەمەکەریم**




لە دەستپێشخەریەکانی دامەزراوەی ووتووێژی مۆدێرن بۆ بەچالاکیکردنی ووتووێژە بیری و رۆشنبیری و سیاسییەکان لەگەڵ نووسەرە دیارەکانیدا، سایتی ووتووێژی مۆدێرن هەڵدەسێ بە پەخشکردنی یەکەم ووتووێژ لەگەڵ دکتۆر کازم حەبیبدا، لەسەر چەپ و قەیرانی چەپ  لە عێراق و جیهانی عەرەبیدا، ئەم قەیرانەش قەیرانێکی سیاسیە کە بە هۆکاری بابەتی و خۆیی لەسەر ئاستی جیهان ماوەیەکی درێژە چەپ دەرگیری بووە و تا ئەمرۆ بەردەوامە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە هەندێک تایبەتمەندێتی تری جیهانی عەرەبی وەک گەشەی هێزی وەربەرهێنان وئاستی هوشیاری و بە ئاگایی گشتی لە کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتی ناویندا هۆکاربن.. وەک دکتۆر کازم دەڵێت. ووتووێژی مۆدێرن چەندین پرسیاری بەرەورووی دکتۆر کازم حەبیب کردەوە وەک:

**دەڵێن گرنگترین فاکتەری قەیرانی چەپی عەرەبی پەیوەندی بە یەکێتی سۆڤیەتەوە هەیە، لەسەر ئەمە دەڵێیت چی؟**

قەیرانی چەپی عەرەبی بەشێکە لە قەیرانی چەپی جیهانی کە ماوەیەکی درێژە سەریهەڵداوە، ئەو قەیرانە قەیرانێکی سیاسی و فکریە، لە ئەنجامی دۆگمایی تیووری و دوورکەوتنەوە لەواقیعەوە، ئەو واقیعەی کە جیهان گەشەی تیا دەکات و پیادا تێدەپەڕێت، و ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر هێزی وەبەرهێنان و هێزی بەشەریدا دێت. لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە هەندێک تایبەتمەندێتی تری جیهانی عەرەبی وەک گەشەی هێزی وەربەرهێنان وئاستی هوشیاری و بە ئاگایی گشتی لە کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتی ناویندا هۆکاربن.

یەکێتی سۆڤیەتی، وەک دەوڵەت و وەک حیزبی شیوعیش، بەشێکی ئۆرگانی بوون لەم قەیرانەی کە توشی بیری مارکسی ـ لینینی، و ئەو تێڕوانین و ڕامیاری و پارکتیکیانەیی، کە زۆرێک لە زانا کانی سوڤیەت و حیزبی شیوعی سوڤیەت و حکومەتی سۆڤیەت بڕوایان پێی هەبوو.  دەوری ناوەندیی حزبی شیوعی سۆڤیەت لە پەیوەندیە ئۆرگانیەکانی نێوان حیزبی شیوعی ناوبراو و زۆرێک لە حیزبە شیوعی و کرێکاریەکانی جیهاندا، لەسەر پێنج مەسەلە کاریگەری هەبوو کە لە کارو چالاکیەکانی حیزبە شیوعیەکانی زۆربەی وڵاتاندا ڕەنگیاندابوووە، ئەوانەش ئەم پێنج پرسە گرنگەن:

1.  پێداگرتنی حیزبی شیوعی سۆڤیەتی لەسەر مانەوەی ناوەندێتیی خۆی بەسەر هەموو بزووتنەوەی شیوعیەتیدا لە جیهاندا، هەروەها وەک ناوەندی تیووری، و ناوەندی ئاراستەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی حیزبە شیوعیەکانی جیهان، هەر خۆشی سەرچاوەی پێدانی ئاستی شیوعیەتی و ناشێوعیەتی و لادانی حیزبە شیوعیەکانی جیهان بوو بە پێی نەهجی سۆڤیەت خۆی.

2. هەناردەی گشت ئەو بیرو تێڕوانینانەی کە لە لایەن زانایان و سەرکردەکانی حیزبی سۆڤیەتەوە دەردەهێنراو دەکرا بە پێویستییەکی ئەدەبی و ئەخلاقی بۆ حیزبە شیعیەکانی جیهان، تا پەیوەستبن پێوەی، ئەمەش زیاتر لە کۆنگرەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی جیهانیدا کە لە سۆڤیەت بەڕێوەدەچوو دەکرا بە پێویستی و ئەرکی حیزبە شیوعیەکانی جیهان. حیزبی شیوعی سۆڤیەت ببووە ناوەندێکیش بۆ یەکلاکردنەوە و حوکمدان لەسەر هەموو ئەو جیاوازیانەی کە لە ناو حیزبێک لە حیزبە شیوعیە جیهانیەکاندا درووست دەبوون و، هەر خۆشی حکومی دەدا بەسەریاندا و سیاسەت و بەرنامەی حیزبەکانی ڕێکدەخستەوە، حیزبی شیوعی سوری نموونەیەک بوو بۆ ئەم دەستێوەردانە.

3. پاشکشە، لە دەستپێشخەری و گۆڕانی فکری و سیاسی حیزبە شیوعیەکانی جیهاندا، بە هۆکاری چاوەڕوانی بۆ هەموو گۆڕانکارییەکی فکری و سیاسی لە حیزبی شیوعی سۆڤیەتەوە وەک حیزبی ناوەند و دایک، بۆیە حیزبە شیوعیەکان توشی تەمەڵی و مشەخۆری فکری هاتبوون.

4. ئەم حاڵەتی چاوەڕوانکردنەی حیزبە شیوعیەکانی جیهانی بۆ حیزبی ناوەند و ئامدەبوونیان بۆ وەرگرتنی فەرمانەکانیان، کارێکی وایکرد کە ئەم حیزبە شیوعیانە نەتوانن هیچ شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەیەکیان هەبێت بە گوێرەی واقعی کۆمەڵگاکانیان و، پەکیخستبوون لە تواناییەەە دانانی نەخشەی ستراتیجی گونجاو بە ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکانیان.

5. لە جیاتی ئەوەی بە پێی سیستەمێکی مادی جەدەلی و گفتوگیەکی ساغلەم وکاریگەر لە واقعی کۆمەڵگا بگەیشتنایەو لەسەر بناغەی ئەو تێگەیشتنەش سیاسەتی خۆیان دابڕشتایە، کەچی هەمیشە پەنایان بۆ تیبورە کۆنەکانی مارکسیەت دەبرد کە دەمێک بوو زۆریان بەسەرچبوون. زیادە ڕۆیی نیە گەر بڵێین، تیوور هیچ نیە جگە لە دابڕان لە واقیع و کۆمەڵێک لە ووتە و قسە، سەرەڕای دابڕان لە بەئاگایی یاسا ئابوورییە جێکەوتەکان و یاساکانی گەشەی کۆمەڵایەتی جێکەوتە. لەبەر ئەوە هەمیشە دەبێت تیبور نوێبکرێتەوە و لە گۆڕاندابێت بە پێی تێگەیشتنەکانمان لەسەر کۆمەڵگای پەیوەندیدار و جیهان بە گشتی.

لێرەوە دەردەکەوێت، کە قەیرانەکە قەیرانێکی فکری و سیاسی بوو، قەیرانێکی دۆگمایی و پێکاهاتەیی بوو، پێشینەخوازی بوو لە فکردا وهەڵپەکردنێکی ناواقعیانە بوو بەرەوپێشەوە.

تەنها حیزبی شیوعی سۆڤیەت هەڵگری هەموو بەرپرسیارێتیەکانی قەیرانی ناو حیزبە شیوعیەکانی جیهان نیە، بەڵکو بەرپرسیارێتی بنچینەیی دەکەوێتە ئەستۆی حیزبە شیوعیەکان خۆیان، کە نەیاندەتوانی سەربەخۆیی سیاسی و فکری خۆیان بەدەستبهێنن، هەروەها بزووتنەوەی شیوعیەت بە گشتی بەرپرسیارە کە نەیاندەتوانی تێڕوانینی نوێیان هەبێت بۆ جیهان، کۆنەپارێز بوون و دەگەڕانەوە بۆ ڕابوردوو، دەستیان وەردەدا لە کاروباری یەکتری.

## هۆکارەکانی بەرتەسکبوونەوەی چەپی گشتی عارەبی و چەپی عێراقی بە تایبەت پاش گەشەکردنەکەی کامەنە بوون؟

هۆکارەکان زۆرن، هەندێکیان بابەتین و هەندێکی تریان خۆییی.

هۆکارە بابەتییەکان هەندێکیان دەخەینە ڕوو کە زۆربەی دەوڵەتانی عەرەبی دەگرێتەوە، بە تایبەتی عێرق دەگرێتەوە چوونکە ئەو هۆکارانە بە قوڵی و بێبەزییانە کاریگەری لەسەر چەپی عێراق هەبوو. ئەو هۆکارانەش ئەمانەن:

ا. تا هەنوکە سیستەمێکی سیاسی نا دیموکرات و ستەمکار و داپلۆسێنەر بەوپەڕی دوژمنکارییەوە دژی بیری پێشکەوتنخوازی و دیموکراتی و کۆمۆنیستی باڵیکێشاوە بەسەر دەوڵەتانی عەربیدا ە. لەم دەوڵەتانەدا یاساو دادپەروەیی کۆمەڵایەتی و دەستورێکی شەرعی و ئازادیە دیموکراتیەکان و مافی مرۆڤ و مافی ژنان بوونی نیە.

ب. لەم دەوڵەتانەدا، پەلامارو هێرشی بەردەوام دژ بە کۆمۆنیستەکان و چەپەکان بە گشتی بەوپەڕی دڵڕەقیەوە دەکرێت و، زۆرێک لە کۆمۆنیست و چەپەکان لە بەندیخانەکان تووندکراون. بەڵام لە عێراقدا بەندکردن و کوشتن و ئەشکەنجەدانی کۆمۆنیست و چەپەکان خویەکی بەردەوامی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئەم وڵاتە بوون، بە تایبەتی لە نێوان ساڵەکانی 1961ـ 2003دا، پێش ئەمەش لە سەردەمی حوکمی پاشایەتیدا. ژمارەی شەهیدانی حیزبی شیوعی عێراقی گەیشتە هەزاران لە خەباتگێڕانیان لە ڕۆژی دامەزراندنی ئەم حیزبەوە.

ج. لەم دەوڵەتانەدا دین و دامەزراوە دینیەکان دەورێکی نەگەتیڤ و خراپیان بینی بەرامبەر بە هێزی چەپ بە گشتی، تا ئەو ڕادەی کە هەندێک جار فتوای حەرامکردنی بوون بەئەندامبوونیان ڕادەگیاند لە حیزبە چەپەکاندا و کوشتنی شیوعیەکانیان

حەڵاڵدەکرد.

د. هۆکاری دواکەوتوویی و هەژاری بونیادی ئابوری و کۆمەڵایەتی لە عێراق و وڵاتانی تری عەرەبیدا هۆکارێکی ترە، تا هەنوکە هوشیاریی تاک و کۆمەڵ لە کۆمەڵگاکانی ئەم وڵاتانەدا دوورن لە پێزانینی دەوری چەپ و شیوعیەت.

ه. سیستەمە قەومیە دروستبووکانی دوای ساڵانی پەنجاکان و دواتریش لە زۆرێک لە وڵاتانی عەرەبیدا، بە نموونە: لە مصر و سوریا و لیبیا و عیراقدا، سیاسەتێکی دوژمنکارانەیان بەرپاکرد دژ بە چەپەکان و شیوعیەکان. عێراق یەکێ بوو لەو دەوڵەتانەی کە بەوپەڕی دڕندایەتیەوە دژایەتی چەپ و بزووتنەوەی شیوعیەتی تیا کرا.

و. ڕەنگە پێوسیت نەکات قسە لەسەر دەوری دەوڵەتانی دراوسێی وڵاتانی عەرەبی و دەوڵەتە جیهانیەکان بکەین، کە لای هەموو ئاشکرایە، چەند دژایەتی چەپ و شیوعیەتیان کردوە و کاریگەرییەکانیشیان کەم نەبوون.

ز. جگە لەم هۆکارانەش، هۆکاری ئەو بوومەلەرزەیەیی کە هەموو جیهانی لەرزان، ڕوخانی یەکێتی سۆڤیەت و سیستەمە سوسیالیستەکان، کە هەموو بزووتنەوەی چەپی لەرزان و، بە تایبەتی حیزبە شیوعیەکان، کە بووە هۆی دروستبوونی ڕەشبینی و گومان لە بەرنامەو بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان، لە لای حیزبەکان خۆیان و هەواداران و دۆستان و جەماوەری ئەم حیزبانە.

لێرەشەوە دەگوێزینەوە بۆ هۆکارە خۆییەکان.

کڵپەی بزووتنەوە چەپەکان بەشێک بوون لە کڵپەی بزووتنەوە ڕزگاریی خوازە نیشتیمنانییەکان، سەرکەوتن بەسەر فاشیەتدا لە جەنگی جیهانی دووهەمداو، دەورە گەورەکەی یەکێتی سۆڤیەت و دەوڵەتانی سۆسیالیستی لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات و صین و، دروستبوونی بزووتنەوەی دەوڵەتانی بێلایەن(دول عدم الانحیاز) و، هەروەها کاریگەریی هاوبەشی خەباتی شیوعیەکان دژ بە هەژموونی کۆلۆنیالیزم لە پێناوی سەربەخۆیی و سەروەری نیشتیمانییدا و، خەباتکردن لە پێناوی ئازادیە دیموکراتییەکان و دژایەتی فیودالْ و چەوسێنەر و هەژاری و بێکاری، کڵپەیەک بوو کە دەبێت ئاماژەی پێبکرێت.

ئەم کڵپەیە لە سێ فاکتەروە سەرچاوەی گرتبوو:

أ)گەشەی بزووتنەوە ڕزگاریی خوازە نیشتیمانییەکان و سەرکەوتنی بەسەر داگیرکەران و دامەزراندنی دەوڵەتی نیشتیمانی نوێ.

ب) گەشەی جەنگی سارد کە بە بەرژەوەندی دەوڵەتە سوسیالیستەکان دەشکایەوە لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابوردودا.

ت) وابەستەیی و پابەندن بوونی گەل و بەستەنەوەی داخوازیە ڕۆژانەییەکانیان بە داخوازییە نیشتیمانیەکان بۆ بزووتنەوە چەپەکان بە گشتی و بە تایبەتی حیزبە شیوعیەکان کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لەسەر گەشەی ئەو کڵپەیە.

کەچی ئەمڕۆ ئێمە لەبەردەم قەیرانێکی ئاشکرای چەپی عەرەبی بە گشتی و عێراق بە تایبەتیداین. هۆکاری خۆیی لە پاشەکشەکردنی ئەو کڵپەیەو جەماوەرەکەیدا کەمترنین لەو هۆکارانەی کە لە پێشتردا ئاماژەمپێدا، وەک:

إ. ئەو گۆرانکارییە گەورە کتوپڕیانەی لەسەر ئاستی جیهان و دەوڵەتانی ناوچەکەو دەوڵەتانی ناوخۆ ڕوویاندا، چەپەکان بە گوێرەی پێویست هوشیار نەبوون بۆی. ئەمەش بووە هۆی لاوازی لە پرۆسەی گۆرانی حیزبە شیوعیەکاندا، لە بەرنامە و پەیرەوی ناوخۆ و میکانیزم و ئامرازەکانی کار و گوتاری سیاسی و پارکتیکەکردنی خەباتیاندا کە پێویست بوو بکرێت بە گوێرەی گۆرانکارییەکان.

ب. نەبوونی وویستی خۆ نوێکردنەوە و سۆز بۆ رابوردوو لە بزووتنەوەی چەپداو، هەوڵنەدان بۆ گۆرانکاری لە ستراتیجیەت و تاکتیکیەکانی بزوتنەوەی چەپدا، کەلەسەر ئەو گەشبینییە بونیاد نرابوو کە سەرمایەداری لە ڕووخاندایەو هاکا بەم نزیکانە داڕوخا. ئاشکراتر بڵێین، هەژموونی فکری سەلەفی و لینینیەت کاریگەری خۆی هەبوو.

ج. نوێ نەکردنەوەی سەرکردایەتی و کادرەکانی چەپ و بە تایبەتی حیزبە شیوعیەکان، و مانەوەی کەسی

یەکەم(سکرتێری حیزب) بۆ ماوەی درێژتر لە چواریەکی سەدەیەک و هەروەها نەگۆڕینی مەکتەبی سیسی حیزب و، سەرنەکەوتن لەو پرنسیپەی کە دەبێت سکرتێری حیزب لە دوو خول زیاتر نەمێنێتەوە. ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە سیاسەتەکانی ئەو حیزبانە کە دارێژەری سکرتێر و مەکتەبی سیاسیەکەی بوون، سیاسەتێکی سەرنەکوتوو بوون، کەچی ئەمە کاریگەری نەبوو لە وازهێنانی سکرتێری حیزب و نوێکردنەوەی سەرکردایەتی و دارشتنەوەی سیاسەتی حیزب بە شێوازێکی تر.

د. کەماسیی ئەم هێزە چەپ و شیوعیانە لە نەتوانینی دروستکردنی بەرەی فراوان لەسەر بنچینەی خەباتی هاوبەش بۆ ئامانجە هاوبەشەکان، کە هەر لایەک لەم لایەنانە بڕوای بە ڕاستی ودروستی و هێزی خۆی هەبوو. ئەم لوتبەرزیەش زۆر دەرفەتی بە جەماوەریی بوون و دروستبوونی ڕەنگوڕووی جوانی لای زۆرێک لە توێژە جەماوەریەکان لە کیسدەدان، کە تا هەنوکەش پەیوەندیە جەماوەرییەکانیان گونجاو نیە.

## دەوری بزووتنەوەی ژنانی چەپ لە عێراق و وڵاتانی عەرەبیدا لە کوێدایە؟

بزووتنەوەی ژنان لە دەوڵەتانی عەرەبی و عێراقدا چالاکە بە گشتی، بەڵام هەموویان چەپ نین، ئەم بزووتنەوەیە بە ئاراستەیەکدا دەڕوات کە پێگەی خۆیان لە کۆمەڵگادا بەدەستهێناوە. سەرکەوتنی گرنگیشیان بەدیهێناوە لە دەوڵەتانی عەرەبی و لە عێراقیشدا. هەروەها ڕێکخراوی ژنانی سەربە هێزە دینیەکانیش هەن، کە تکوڵی لە مافی ژنان دەکەن و نەزانین و نەشارەزایی ژنان بە مافە ڕەواکانیان لە ماڵ و لە کۆمەڵگادا زیاد دەکەن.

بزووتنەوەی ڕزگاری ژنان، جیاناکرێتەوە لە پرۆسەی گۆرانکارییە پێویستیەکان لە بونیادی ئابووری و بوونیادی کۆمەڵگای چینایەتیدا بە هیچ جۆرێک. هوشیاری ژنان و هەروەها کۆمەڵگا، بە پیاو و ژنەوە بۆ بەدەستهێنانی مافی ژنان ئۆرگانێکی وابەستەیە بە سروشت و بونیادی کۆمەڵگا و ئەو قۆناغەی پیا تێدەپەڕێت.

لە عێراقدا ڕێکخراوی ژنانی چالاک و بەهێز هەن، کە بەرگری لە مافی ژنان و مافی مرۆڤ بە گشتی دەکەن، کە جیاوازن لە ڕێکخراوەکانی سالانی پەنجاکانی سەدەی ڕابووردوو، لەگەڵ ئەوەی هەندێکیان درێژە پێدەری ئەو ڕێکخراوانەن وەک یەکگرتووی ژنانی عێراق(رابطة المرأة العراقية)، بەڵام ئامانجەکانیان شێوازێکی تریان لە خۆگرتوە، لەگەڵ ئەوەی لە ناوەرۆکدا وەک یەکن، بەڵام زۆر ئاڵۆزن بە هۆکاری بەردەوامی ئاڵۆزییەکانی کۆمەڵگا کە درێژخایەنە بە درێژایی تەمەنی چەند نەوەیەک. ئێمە پێویستمان بە میکانیزم و ئامرازی نوێ هەیە بۆ خەباتکردن لە پێناوی مافی ژناندا، وەک هاوکاری و یارمەتی لەگەڵ هەموو ئەو ڕێکخراوە ژنانانەی کە داوای مافی ژنان دەکەن، ئەویش بە ڕێکەوتن و لەسەر پرنسیپی و بنچینەی ئاشکرا بۆ ئامانجە هاوبەشەکانی ئەو ڕێکخراوانە. ئەمەش هیچ کێشەیەک دروستناکات بۆ مافی هەر ڕێکخراوێک لە بەرزکردنەوەی درووشمەکانی خۆیدا، بە مەرجێک ئەم درووشمانە ناکۆک نەبن لەگەڵ ئامانجە هاوبەشەکاندا.

یەکسانی نەبوونی ژنان بە پیاوان و پێشێلکاریەکانی مافە ئاساییەکانیان دیارترین بەرهەڵستکاری نیە کە ژنان توشی دەبن!، بەڵکو لە ناو ماڵ و سەر شەقام و گەرەک و جێگەی کارکردنیان بەردەوام بەرەورووی توندووتیژی دەبنەوە، هەروەها بەرەورووی یاساکانی زۆرێک لە دەوڵەتانی عەرەبی و عێراقیش دەبنەوە کە کەرامەتی مرۆڤەکان دەشکێنێت، سەرەڕای سیاسەتی پشتگوێخستنی ژنان لە لایەن هێزە سیاسیەکان و هێزە ئیسلامیە سیاسیە توندڕەوەکان و ئەو فەتوا پوخڵانەی کە شێخەکانی دین دەریدەکەن دژ بە ئازادی و سەربەستی و دەوری ژنان لە کۆمەڵگادا.

ژنان بە گشتی، دەتوانن بەرنامەی خەباتی هاوبەش دابرێژن بۆ بەدیهێنانی زۆرێک لە ئامانجە هاوبەشەکانیان وەک دژایەتی توندووتیژی و پێشێلکارییەکانی مافە گشتی و بنچینەییەکانیان و بەدەستهێنانی یەکسانی ژنان و پیاوان و بەبێ گوێدانە جیاوازی ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی کە ژنان دابەشبوون بەسەریاندا و جێگەی بڕوایانن.

بەگرنگیپێدانەوە، بە دواچوونم هەیە بۆ چالاکیەکانی کۆمەڵەی هیوا(جمعية الأمل) کە کۆڵەکەیەکی گرنگی کار و خەباتە کۆمەڵایەتیەکانە لە پێناوی مافی ژنان و هەژاران و بێوەژنان و هەتیوان لە کۆمەڵگادا، کە حکومەتە یەک لە دوای یەکەکان پشتگوێیانخستوون و پشتیوان و یارمەتیدەریان نین. هەرەها بەدواچوونم هەیە بۆ چالاکی ناوەندی یەکسانی ژنان(مركز مساواة

المرأة): كە پەیوەندیدارە بە دامەزراوەی ووتوویژی مۆدێرن(بمؤسسة الحوار المتمدن) و چالاکیەکانی لە دەوڵەتانی عەربی و عێراق و هەوڵە گەرموگورەکانی بۆ بەرگریکردن لە ژنان و دژایەتیکردنی توونددووتیژیە کەڵەکەبووکانی سەر ژنان لە دەوڵەتانی عەربی و عێراقدا، هەروەها دژایەتیکردنی دیاردەی خۆکوشتنی ژنان، و ئەو کچەگەنجانەی کە توشی کوشتن دەبن بە هۆکاری ناموسپارێزی لە ناو خێزانەکانیاندا.

**هۆکاری داواکردنت چیە بۆ گۆڕینی ناوی حیزبی شیوعی عێراقی؟ ئایە هۆکاری ئەم داوایەت لە جیاوازییکانتەوە سەرچاوەی گرتوە کە لەگەڵ سەرکردایەتی حیزبی ناوبراودا هەتە؟**

حیزبی شیوعی عێراقی مافی خۆیەتی ناوی خۆی بپارێزێت، ئەم مافەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆنگرەکانی حیزبی ناوبراو کە ناوێکی گونجاو بە گوێرەی خەباتی فکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی هەڵبژێرێت. هیچ کەس بۆی نیە گۆڕینی ئەم ناوە بسەپێنێت. پێویستە ئەم هەڵوێستەمان هەبێت لە ڕووی مەبدەئیەوە کە کەس مافی ئەوەی نیە ناوێک بسەپێنێت بەسەر حیزبی شیوعیدا، بەڵام هەموو هاوڵاتیەک بۆی هەیە پێشنیاری ناوێک بکات بۆ هەر حیزبێک، بە گوێرەی ئەو هۆکارانەی کە پشتی پێدەبەستێت. ئەمەش تەنها وەک پێشنیار دەبێت. من لە دەرەوەی حیزب، دەمێکە پێشنیاری گۆڕینی ناوی حیزبی شیوعی عێراقیم کردوە بە کۆمەڵە هۆکارێک، کە لێردا ئاماژە بە هەندێکیان دەدەم، کە کاتی خۆی لە نامەیەکدا بۆ حیزبی شیوعی و کادرو سەرکردایەتیەکەی لە پێش بەستنی کۆنگرەی هەشتی حیزبی ناوبراو لە 2007 دا ئامژەم پێکردوە:

ا. خەباتی هەنوکەیی حیزبی شیوعی عێراقی ئاراستەکراوە بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی دیموکراتی نوێی سەردەم، ئەمەش بەومانایە دێت کە سروشتی قۆناغەکە پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی سوسیالیستی و کۆمۆنیزمی ناخوازێت، بەڵکو هەوڵی حیزب بۆ کاملبوونی سەربەخۆیی و سەروەری نیشتیمانە، واتە ڕزگار بوون لە بوونی هێزی بێگانە لە عێراق و جێگیربوونی ئاسایش و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و تەواوکردنی هەنگاو بە هەنگاوی کۆمەڵایەتی.

ب. ئەم قۆناغە قۆناغی خەباتکردنە بۆ رزگاربوون لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان(پەیوەندیە بەرهەمهێنەرکان) (علاقات الإنتاج)و گۆڕینی بونیادی کۆمەڵایەتی و خێلەکی لە کۆمەڵگادا.

ت. ئەمەش بەو مانایە دێت، کە ئەم قۆناغە قۆناغی پێکهێنانی پەیوەندیە بەرهەمهێنەرە سەرمایەداریەکانە لە ئابوری عێراقدا، ئەم پێکهێنانەش گۆرانکاری لە ناو دەوڵەت و کەرتی تایبەت و ناوخۆیی و دەرەکی و کەرتی تێکەڵاو دەگرێتەوە.

ث. لێرەوە دەردەکەوێت کە ئەم قۆناغە قۆناغی هاوکاری و یارمەتی و هاوبەشی چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکانە، بۆ گۆڕینی بونیادی ئابوری و بوونیادی کۆمەڵگای چینایەتی، سەرجەم بۆرژوازیەت و بۆرژوازیەتی بچوک و جووتیاران و ڕۆشنبیران و قوتابیان و پیشەوەران لەم قۆناغەدا داخوازیەکانیان بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی مەدەنی و دیموکراتیە، نەک بۆ پێکهێنانی دەوڵەت و سیستەمی سوسیالیستی.

ج. پێکهاتەی کۆمەڵگا، پێکهاتەیەکە کە چینی پرۆلیتاریا بە فراوانی تیا دەرنەکەوتووە، تا حیزبی شیوعی بیکات بە بنچینەی خەباتی خۆی، بەڵکو توێژە کۆمەڵایەتیە زۆر و زەوەندەکانی وەک کرێکاران وجوتیاران و بۆرژوازیە بچوکەکان و بۆرژوازی مامناوەندی و توێژی ڕۆشنبیران، دەتوانرێت بکرێت بەو پێکهاتە فراوانەی حیزب کە گرنگی بدات بە ژیانیان و خەبات بکات بۆ داخوازیەکانیان. کەواتە حیزب دەتوانێت لەم حاڵەتدا ببێت بە حیزبێکی چەپی دیموکارت و پێگەی خۆی لەناو ئەم بنکە فراوانەدا دروستبکات و خەبات بکات بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە هاوبەشەکانی ئەم بنکە فراوانەی کۆمەڵگا.

ح. تێڕوانینەکانی ڕابوردوومان بۆ گەیشتن بە سیستەمی سۆسیالیستی لە جیهاندا، لەسەر ئاسۆ و ڕووناکایی سۆڤیەتی یەکگرتوو بوو، ئەوەش بۆ ئەمڕۆ دەستنادات و، خەباتی ئەمرۆ دەبێت بۆ گۆڕینی قۆناغی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی پێش سەرمایەداری و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە تێکەڵەکانبێت بۆ پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە سەرمایەدارییەکان.

بۆیە ناشێت حیزب، بە تەنها بە ناو و بەرنامەیەکی بێبنەما و خەیاڵ هەڵپەبکات بۆ پێشەوە، وەک ئەوەی کە هاکا سیستەمی کۆمۆنیزیمی پێکهات!، حیزب دەتوانێت لەسەر بنچینەیەکی واقیع بینانە ناوی خۆی بە نموونە بگۆرێت، بۆ (حیزبی گەلی دیموکراتی)، (حیزبی چەپی دیموکراتی) یان هەرچ ناوێکی تر کە دەستەواژەی کۆمۆنیستی لەخۆ نەگرێت. لەبەرئەوەی لەکاتێکدا کە مەودای پێکهێنانی سیستەمی سۆسیالیستی زۆر دوورە، چۆن بتوانین ناوی کۆمۆنیزمی بهێنین.

حیزبی شیوعی عێراقی بیەوێت یان نا! لەسەر بەرنامەو ئاراستەیەکی سۆسیال دیموکرات دەڕوات، بەڵام نایەوێت دان بەم ڕاستیەدا بنێت، ئەمەش شێوازێکی گونجاوە لەم قۆناغەدا، بەو مەرجەی دەستبەرداری بەرنامەی مادی جەدەلی نەبێت، ئەو مادە جەدەلییەی کە مارکس دایمەزراند و گەشەی پێدا.
بۆ بەشەکەی تری پرسیارەکەتان، دەربارەی پەیوەندی من بە حیزبی شیوعی و جیاوزیەکانمانەوە، پێشنیاری من بۆ گۆڕینی ناوی حیزبی شیوعی عیراقی تەنها پێشنیارە و ڕێزگرتن لە هەردوولامانەوە بۆ یەکتری هەیە، ئەوان حیزبێکی سیاسین و منیش تێڕوانینی خۆم هەیە، لەسەر تێڕوانینی خۆم پێشنیاری گۆڕینی ناوی حیزبم کردوە، بەڵام زۆربەیان ئەم پێشنیارەیان پێقبوڵنیە، تەنها ئەوەندەیە مەسلەکە و هیچی تر.

**له چوارچێوەی ڕەخنەکانتەوە لەسەر حیزبی شیوعی عێراقی.. دوای خەباتێکی نیو سەدەیی قەناعەتی  ئێستات چیە؟.**

هەرچ ڕەخنەیەک، هەرکەسێک بیگرێت، بەرامبەر بە هەرچ حیزبێک، پێویستە ئەو ڕەخنەیە بە جدی وەربگیرێت لە لایەن ئەو حیزبەوە، بەبێ ڕەچاوکردنی ئامانجی ڕەخنەکە، ئەمەش بۆخۆی مەسەلەیەکی مەبدەئیە. کاتێکیش ڕەخنەکان دروستکەر و جددیی دەبن، حیزب دەتوانێت کەڵکیان لێوەربگرێت، یان پشتگوێیان بخات.  هەندێک جار ڕەخنەم لە سیاسەت و هەڵوێست و کارەکانی حیزبی شیوعی گرتوە، هەندێکیان بە ڕۆحیەتێکی وەرزشکارانە قبوڵکراوە، هەندێکیان قبوڵنەکراوە، هەندێکیشیان ڕەنگە تورەیکردبێتن.  ئەمەش کارێکی ئاساییەو گلەیی لەسەر نیە. پەیوەندی من بە حیزبی شیوعی عێراقیەوە سروشتیە و ئەو حیزبە حیزبێکی دێرین و سیاسی و شکۆدارە و هیوای پێشکەوتنیان بۆ دەخوازم. لەگەڵ ئەوەشدا بە پێویستی دەزانم کە شیوعیەکان و حیزبەکەیان سنگیان فراوانبێت بەرامبەر بە تێبینی و ڕەخنەکان، ڕەخنەکان هەموویان بە مەبەستی تێشکان و توانجی نابەجێ نایەت، زۆرێک لە ڕەخنەکان لە دڵسۆزییەوەیە بۆ پێشکەوتن و نوێبوونەوە و بە جەماوەری بوونەوەی ئەو حیزبە.

**پاشەرۆژێکی گەش چاوەڕواندەکەیت بۆ چەپی عێراقی؟ ئایە دەوری چەپ تەنها لە ڕۆشنبیرێتیدا کورتبۆتەوە؟ یان دەتوانێت دەورێکی پێشەنگیی ببینێت بۆ کۆمەڵگای عێراقی، دوای ئەوەی کە هێزە دینی و قەومیەکان گەیاندیانە واقعێکی نەخوازراو و تراژیدی.**

هیچ گومانم نیە، کە چەپی عێرقی پاشە ڕۆژی خۆی بەدەستدێنێت. بەڵام ئەو پاشەڕۆژە باش و خۆشنودە کە پێویستە بەدەستبهێنرێت بۆ چەپی دیموکارتی، لەخۆرا و بە شێوازێکی ئۆتۆماتیکی بەدەستنایەت، بەڵکو پێویستی بە لێکۆڵینەوە و بیرکردنەوە و کاری بەردەوام هەیە، هەروها پێویستی بە قوڵبوونەوە و لێکۆلینەوەی ورد هەیە بۆ بەدیهێنانی گۆرانکاریە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان لە عێراقدا. لەم ڕەوشەی کە ئێستا چەپی تیا دەژی، پاشەرۆژێکی گەش و خوازراوی نیە، بۆیە پێویستە چەپ  زرۆ بە جدی بە خۆیدا بچێتەوە و بە تێڕوانینێکی هوشیاریی واوە کە کۆ لە هیچ ئاستەنگ و حەرامکراوێک نەکاتەوە، بۆ خۆ نوێکردنەوە. بەخۆداچوونەوەی چەپ، دەبێت لەسەر  بەکارهێنانی بنەمای مادی جەدەلی و، بە پێی سەردەم و روخسارە بنچینەییەکانی جیهان و ناوچەکە و عێراق خۆی نوێ بکاتەوە. دەبێت چەپ نەوەستێت، لە کاتێکدا کە کاروانی بەرەوە پێشەوەی جیهان لە ڕۆشتندایە، لێرەوە من تێبینیەکانی خۆم دەدەم بە چەپەکانی عێراق، کە دەڵێم: دەمژمێرەکەی ئێمە ڕاوەستاوە و جیهانیش لە ڕۆشتندایە، ئەم تێبینیەش کەس حەسودی پێنابەت، من لەو چەپانەم کە توشی ناڵە بوون، و منیش ناڵەیان لەگەڵدا دەکێشم و، بێگومان هەردەبێت سەریخەین.
بۆ زیندوکردنەوەی چەپ و بە خۆدا چوونەوەیەکی ڕاست ودروست، تا بتوانێت جڵەوی کار و چالاکی سیاسی وەک پێشەنگ لە وڵاتدا بگرێتە بەر، پێویستە چەپەکان لە واقعی خۆیانەوە ڕاپەرن، کەڵک لە وانەی ئەزموونەکانی ڕابوردوویان وەربگرن و بەرنامەیەکی زانستی بۆ شیکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕووداوەکان بەکاربەرن، تا بگەنە دەرنجامێکی گونجاو بە گوتارێکی سیاسی لەوبارەیەوە بۆ گەیشتن بە ئامانج و خواستەکانیان و بەکارهێنانی میکانیزمێکی نوێ لە خەبات و تێکۆشانی سیاسی جەماوەریدا و بە وردی ئاگاداری بزووتنەوە جەماوەریەکان و ئاستی هوشیاریی و خواستەکانیانبن.

هیچ کەس عەسای سیحری پێنیە بۆ گواستنەوەی چەپ لەڕەوشێکەوە بۆ ڕەوشێکی تر، بەڵکو بیر و لێکۆڵینەوە و کارکردن پێکهێنەری بەدەستهێنانی ئەم خواستەن. چەپ لاواز و لەبەریەک هەڵوەشاو و بچڕبچڕ و دوورن لەیەک. هەربۆیەش دوانگە(منبر) زۆرەکانی چەپ سروشتیە، دووریی و یەکنەگرتن و نەبوونی هاوئاهەنگی لە نێوان هێزەکانیاندا کارێکی ناسروشتی و نائاساییە. بەڵام لە ئاوها حاڵەتێکدا چۆن بتوانرێت ئەم هێزە چەپانە لەسەر بنەمای یەک ئامانج نزیکبخرێنەوە لە یەکتری و یەک بەرنامەی کاریان هەبێت، ئەگەر بە هەڵبژاردن بکرێت یان بە شێوازێکیتر؟

کۆبوونەوەی چەپەکان لەیەک بەرەی چەپدا، زەمینەیەکی لەبارو خۆش دروستدەکات بۆ هەموو هێزە دیموکراتە عێراقیەکان، کە ئەمڕۆ لە لاوازیدان وبەشێوازێکی دروست نزیک نین لە یەکتریەوە. چەپ بەبێ ئەم هەنگاوە ناتوانێت خۆی دەربهێنێت لەو تەنگەژەیەی کە تێیکەوتووە.

هاوڕێ و دۆستم مامۆستا(کەریم مروە) ئەم ساڵ 2010، لێکۆڵینەوەیکی شایستەی پێشکەشکرد لە پەرتوکی بەرەو هەستانەوەیەکی نوێی چەپ لە جیهانی عەرەبیدا(نحو نهضة جدیده لليسار فی العالم العربی).

## شێوازی پەیوەندی لە نێوان کازم حەبیب و سەرکردایەتی چەپ و دیموکراتیە عێراقیەکاندا چۆنە؟

پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆم نیە لەگەڵ هێزە چەپەکانی عێراق و جیهانی عەرەبیدا. من هاوڕێ و پشتیوان و یارمەتیدەریانم، پەیوەندی ڕاستەوخۆم هەیە لەگەڵ هەندێکیان وەک دۆست، هەندێک جاریش ئەو دۆستە چەپانەم دەبینم، ئەوەی گوزەردەکات لە ناو ئەم هێزە نیشتیمانییە چەپەدا، لە بیر و کار وچالاکیەکانیان بەدوداچوونی بۆ دەکەم و خۆم بە بەشێک لە و هێزە چەپە دەزانم، کە تووشی قەیران بووە و پێویستی بە هەوڵ و کاری زۆر هەیە بۆ دەربازبوون لە قەیران و تەنگەژەکەی.

## بۆ حیزبە شیوعیە عەرەبییەکان و بە خۆداچوونەوەیان لە بەرنامەکانیاندا تا زیاتر نزیکبنەوە لە بزووتنەوەی کرێکاری و جەماوەری تێڕوانینەکانت چیە؟

ئەوەی لێرادا دیخەمە ڕوو، تێڕوانینی خۆمەو ئومێدەوارم ئەو حیزبە خەباتگێڕانە بتوانن لێکۆڵینەوەی لەسەربکەن، هەروەها حیزبی شیوعی عێراقیش، کە زۆرێکیان نۆ دەیە بەسەر دامەزراندنیاندا تێدەپەڕێت، وەک حیزبی شیوعی مصری، هەمووشیان یەجگار زۆر قوربانی گەورەیان داوە، شایستەی ئەوەن پێگەیەکی بەهێزیان هەبێت لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی گشتی وڵاتەکانیاندا، نەک پەراوێزبن وەک ئێستایان. دەرچوونیان لە قەیران و تەنگەژەکانیان لەم چەند خاڵەدا کورتدەکەمەوە.

ا. دەستپێکردنێکی جددی و بوێرو بابەتییانە بە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو ئەزموونە درێژخایەنەی کە تەمەنی دەگەڕێتەوە بۆ دەیەیی یەکەمی سەدەی بیست و دەستنیشانکردنی هەڵە و کەموکورییەکان بە ئاشکراو ڕوونییەوە و ئیدانەکردنی ئەوەی پێویستە ئیدانە بکرێت، لەسەر سیاسەتی ناوخۆیی و دەوڵەتانی دەوروەپشت و جیهانی و، هەروەها ئەو پەیوەندییەی کە هەیانبووە لەگەڵ ناوەندی بزووتنەوەی شیوعیەت لە جیهاندا، کە حیزبی شیوعی یەکێتی سۆڤیەت بووە لە کاتی خۆیدا.

ب. لێکۆڵینەوەیەکی وورد و قوڵ لەسەر ڕەوشی ئێستا و تێڕوانینێکی وورد لەسەر ئەو گۆڕانکاریانەی کەلە ئارادایە کە هەموو ڕەهەندەکان بگرێتەوە.

ج. بەکارهێنانی بەرنامەیەکی زانستی بۆ ئەو لێکۆڵینەوانە بە ئامانجی گەیشتن بە دانانی ئەو بەرنامەییەی دەگونجێت لەگەڵ سروشتی قوناغی ئێستادا، دوور لە خەون و خەیاڵێک کە تنها خەیاڵ بێت.

د. بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە ئەم قۆناغە قۆناغی پێکهێنانی سیستەمی سۆسیالیستی نیە، بەڵکو قۆناغی گواستنەوەیە بۆ پەیوەندیە بەرهەمهێنەرە سەرمایەدارییەکان و، ئەم قۆناغەش سروشتێکی نیشتیمانی و دیموکراتی گشتی هەیە.

ە. ڕەتکردنەوەی توندووتیژی و کودەتا بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و جەختکردنەوە لەسەر پاراکتیکەکردنی پرسنیپی دەستاودەستکردنی دیموکراتیانەی دەسەڵات و کارکردن بۆ چەسپاندنی بنەماکانی ئازادی و دیموکراتی و مافی مرۆڤ و مافە نەتەوەیەکان و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و، دژە تیرۆر ودژی توندڕەوی و سەلەفەیەت و، جەختکردنەوە لەسەر جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت و یەکسانی ژن و پیاو لە ماف و لە ئەرکدا.

و. دروستکردنی بەرەی نیشتیمانی لەگەڵ ئەو هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسیانەی کە ئامانجیان بەدیهێنانی دەسکەوتە نیشتیمانی و نەتەوەییەکانە، دروستکردنی پەیوەندیەیەکی روون و ئاشکرا لەگەڵ کۆمەڵگادا لەسەر بنەمای دانپیانان و رێزی دوولایەنە... هتد.

ز. ئاگاداریی لەسەر ئەو گۆرانکاریانەی کە لە جیهاندا هاتۆتە ئاراوە و، تێگەیشتنی نوێ بۆ چەمکەکان بە گوێرەی گۆرانکارییەکان بکرێت و تێگەیشتنە کۆنەکان بخرێنەوە بەرباس و لێکۆڵینەوە، وەک چەمکی چینی کرێکار لە جیهانی سەرمایەداریی جیهانگیرییدا. بۆ ئەمەش پێویستە لێکۆڵینەوە بکرێت لەسەر ئەو گۆرانکاریانەی کە بەسەر چینی کرێکار و سەرمایەداریدا هاتوە.

ح. کاتێک هێزی چەپ زانی کە لە چواچێوەی جیهانی سەرمایەدارییدا دەژی، دەشبێت بە ئاگا بێت بۆ جۆری خەباتکردن لە پێناوی بەدیهێنای مافەکانی بەرهەمهێنەران و کرێکاران و جوتیاران و رۆشنبیران و پیشەوەوەران و کاسپکاران و قوتابیاندا... هتد، دیسان دەشبێت بە ئاگابێت بۆ بەرزکردنەوەی درووشمە گونجاوەکانی ژیانەوەی ئابوری نیشتیمانی و گەشەو چوونە پێشەوەی وەبەرهێنان و، بۆ چۆنیەتی کەڵک وەرگرتن لە سەرمایەداری جیهانگیریی و بۆ ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتی دەبێت بە ئاگاو لێزانبێت، لە کاتێکدا کەناکرێت کەڵک لە جیهانگیریی وەرنەگیرێت، لە هەمانکاتدا دەبێت هێزی چەپ بە گژ ئاکامە خراپەکانی جیهانگیریی بوەستێتەوە کە سەرمایەدارانی جیهانی بەکاریدەبەن بەرامبەر بە جیهان بە گشتی و بە تایبەتی بەرامبەر بە دەوڵەتانی تازە سەرپێکەوت و لە ناویشیاندا دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوین.

ط. دەوڵەتانی عەربی و عێراقیش، لە ژێر کاریگەرێتیی شەپۆلێکی دینی بەرفراوندایە، کە لەهەوڵی ئەوەدایە دەستبەسەر دەوڵەت و کۆمەڵگا و ژیانی گشتیدا بگرێت. هێزی چەپ پێویستە زۆر بە ئاگایی و هوشیارییەوە بەرهەڵستکاریی ئەم شەپۆلە دینیە بکات و بەبێ سازشکردن و بە بەرەنگاربوونەوەیەکی سیاسی و بیرێکی بابەتیانە و بەرزو عاقڵانەوە بەرامبەری بوەستێتەوە.

**ژاوەژاوێکی عێراقی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە حیزبی شیوعی عێراقی ئێستادا ئاراستەیەکی دیکتاتۆریانە هەیە لەسەر ئاستی سەرکردایەتی ئەو حیزبە کە دیموکراتیەت و نوێبوونەوەی پێ قبول نیە؟**

من ئەندامی ئەو حیزبە نیم، تا بزانم چ جۆرە پەیەوندیەک دەگوزەرێت لە نێوان سەرکردایەتی ومەکتەبی سیاسی و لیژنەی ناوەندی و کادرەکانیان و ئەندامەکانیاندا. ئەندامانی حیزبەکە خۆیان دەتوانن ئەو مەسەلەیە هەڵبسەنگێنن.

ئەوەی من تێبینی دەکەم، لە سەر قسە و نوسینی هەندێک لە شیوعیەکان خۆیان و دۆستەکانی حیزبەکەیان و ئەوانەی کە نزیکن لێیانەوە، هەندێک لەم مەسەلەیەدا سکرتێری یەکەمی حیزب تۆمەتبار دەکەن و هەندێکی تریان ئەوە رەتدەکەنەوە و هەندێکیش بێ ئاگان.

ئەوەی کە زانراوە، لە حیزبی شیوعی جیهانی و حیزبی شیوعی عێراقیشدا، ئەوانەی کە بەرپرسیارێتی یەکەمیی لە لیژنە باڵاکاندا وەردەگرن، بۆ خۆیان دەستەگەریی دروستدەکەن، تا بریارەکانی حیزب و سیاسەتی حیزب بە بریار و بۆچوونەکانی ئەم بروات بەرێوە، بە تایبەتی لە کاتێکدا ئەگەر جیاوازیە فکریەکان دەرکەوتن لەو حیزبەدا. ئەمە لە حیزبی شیوعی سۆڤیەتی و حیزبە شیوعیەکانی جیهانی و حیزبی شیوعی عێراقیشدا ئەزموونکراوە. لەم روانگەیەوە، من لەگەڵ ئەو بریارەی کۆنگرەی پێنجەمی حیزبدام، بۆ هەڵنەبژاردنەوەی سکرتێری حیزب لە دوو جار زیاتر، واتە لە هەشت ساڵ تێپەرنەکات. بەڵام ئەم بنەمایە وەلانراو کاری پێنەکرا وئەوتا (ئەبوداودی) خۆشەویست ئێستا حەڤدە ساڵە سکرتێری گشتی حیزبەکەیە. ئومێدەوارم ئەوەی کە لە پرسیارەکەدا هاتوە بەوشێوازە نەبێت حیزبی شیوعی لە ئێستادا، چوونکە ئەوە دەبێتە ئەنجامێکی ناحەز و نە گونجاو بە پرۆسەی خۆ نوێکردنەوە و گەشەی حیزب، لە کاتێکدا کە حیزب پێویستی بە روانگەی نوێ و توانای نوێ و بوێری سەرکردە لاوەکان هەیە بۆ خۆ گونجاندن و هاوئاهەنگی لەگەڵ سەردەم و قۆناغی نوێداو، کەڵک وەرگرتنیش لە ئەزموونی ئەوانەی لەتەمەنی خانەنشینیدان وەک من بە نموونە.

**ئەوەی کە دەگوزەرێت لە ژیانی هەوادارانی ئەم حیزبەدا لە کوردستان.. لە ساڵی 2003 وە ئاماژەی پێنەدراوە لە ئەدەبیاتی ئەم حیزبەدا، بە ڕای بەڕێزت بۆ؟**

ئەو زانیاریانەی من هەمە، ئاماژە بەوەدەدەن، کە ئەم حیزبە هەمیشە کەیسی شەهیدانی بەرزڕاگرتووە. هەروەها سایتی فەرمی ئەم حیزبە گرنگی بە بڵاوکردنەوەی نوسین ونمایشکردنی وێنەی شەهیدان داوە، موچەش بۆ خێزانی شەهیدەکان بەدەستهێنراوە. ئەوەی بۆ هەوادارانی ئەم حیزبە بەدەست هاتوە، بۆ هەوادارانی هێزە سیاسیەکانی تریش لە کوردستاندا بەدەست هاتوە. وەک ئەوانەی کە شەهید بوون لەسەردەستی هێزەکانی حکومەت و هێزی تورکەکاندا لە کاتی هێرش و پەلاماری سنوورەکانی عێراقدا، یان شەهید بوو بە هۆکای دارمانی بەفر وخنکاندن لە ڕووبار و کاتی لافاوەکاندا. لە لایەکی تریش ئەوانەی شەهید بوو لە پێکدادان و شەڕەکانی ناوخۆی حیزبە کوردستانیەکاندا، وەک پێکدادانەکانی نێوان یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە لایەک و لە لەیەکی تر پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی سوسیالیستی کوردستان و حیزبی شیوعی عێراقی.
کەلە کاتی خۆیدا و لە دواییشدا حیزب زۆری نووسی لەئەدەبیاتی خۆیدا لەسەر ئەم بابەتانە. هەروەها زۆرێک لە کادرەکانی حیزب نووسین و نامیلکەیان لەسەر ئەم مەسەلانە نووسی، وەک ئەبو شوان، قادر ڕەشید، و ئەبو سەرباس(ئەحمەد بانی خێلانی) و گەلێکی تر.

**شەهیدانی حیزبی شیوعی عێراقی شەستەکانی سەدەی ڕابوردوو مافی خۆیان پێنەدراوە لە عێرقی ئێستادا.. ئەمە داخ و کەمتەرخەمییەکی گەورەنیە؟**

بێگومان ئەمە جێگەی داخ و پەژارەیە، کە دەرهەق بەو خەباتگێرە شەهیدانە کراوە، کە لە پێناوی بەدیهێنانی زۆر پرسی گرنگدا شەهیدا بوون وەک:
ا. سەربەخۆیی و سەروەری عێراق.
ب. دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیەکانی گەلی عێراق و لە ناویشیاندا دەستەبەرکردنی زەحمەتکێشان بە تایبەتی.
ت. بەرگریکردن لە کۆماری عێراق کە لە هەموو لایەکەوە دووژمنان پیلانیان دەگێرا دژی، بە تایبەتی داگیرکەرانی ووزەی نەوت و دەوڵەتە داگیرکەرەکان و توێژە فیوداڵە کۆنەپەرستەکان.
ث. دژی هێزی قەومیە عەرەبیە شۆڤێنی و ڕەگەزپەرستەکان و بەعسیە خوێنرێژەکانی جەستەی شیوعیەکان و کورد و خەباتگێرەکانی تری عێراقی بوون.
ئەوە مۆری ناپاکیە بە تەوێلی ئەوانەوە کە داننانێن بە شەهیدبوونی ئەو شیوعیانەداو مافەکانی خانەنشینی بۆ خێزانەکانیان دەستەبەرناکەن. لە کاتێکدا کە بانگهێشتی ئەوە دەکرێت لە عێرقی ئەمڕۆدا کە تایەفەگەرێتی ڕەفتارێکی بێزراو و ناشیرینەو نابێت جیاوزبکرێت و خەباتگێرانی چەپەکان و شیوعیەکان جیابکرێنەوە.

**یاداشتی عێراقیە سیاسیەکان بە گشتی و شیوعیەکان بە تایبەتی پێکهاتوە لە پاکانەیەکی شەرمنانە لەوەی کە بووە... تۆ لەسەر ئەمە چی دەڵێیت؟**

زۆرێک لە خەباتگێرە شیوعیەکان یاداشتی خۆیان بڵاوکردوەتەوە. زۆرێکیان پرسە گشتیە گرنگەکان و وێناو بیری خۆیان لەسەر هەڵوێستی کەسێتی ئەم یان ئەو خەباتگێر نیشانداوە. هەستدەکرێت زۆربەیان لەسەر میزاجی تایبەتی و ئارەزوو و تاقەتی خۆی یاداشتەکانی نووسیووەتەوە. زۆربەشیان ئامۆژن بۆ ئامانجێک لەو یاداشتانە کە نووسەر خۆی وەک پاڵەوان و جیاواز لەوانی تر نیشانبدات، لەکاتێکدا کە هەمووبان خەباتگێڕن و پاڵەوانی ناویشیان تەنها ئەو گەلەیە کە ئەم خەباتگێڕانەی بەرهەمهێناوە. سەرجەمیان خۆیان پاراستووە لەوەی دانبنێن بە هەڵەکانیاندا و هەمیشە هەڵەکانیان داوەتەوە بەسەر ئەوانیتردا. ئەمەش دیاردەیەکی نەگەتیڤە و ناگونجێت لەگەڵ وویستی دەرخستن و تۆمارکردنی ڕاستیەکاندا، کە ڕاستیەکان بۆ خۆیان ڕێژەیین. هەندێکیان، هێندە دڵڕەقانە قسە لەسەر بەرامبەر و هاورێکانی کردووە زیاتر لە دڵڕەقی دوژمنان. هەرکەسێک

ئەم یاداشتانە بخوێنێتەوە ڕاستی ئەم قسانەی بۆ دەردەکەوێت. ئومێدەوارم وا نەبێت و، هیوادارم ئەو یاداشتە کەسییانە، برێتیبێت لە ڕەخنە لە خۆگرتن، پێش ڕەخنەگرتن لە بەرامبەر.
هەمویان هاوبەشییان کردوە لە خەباتدا و، هەمووشیان قوربانیەکانیان کەم نەبوون لە ژیانی حیزبی و سیاسیاندا. ئەمە گومانی تیا نیە، بەڵام پێویست وایە، ئەم ئەزموونە دەوڵەمەندە کەسییانە، بۆ نەوەکانی داهاتوو وەک لێکۆڵینەوەو و وانە پێشکەشبکرێت، نەک بۆ خۆ هەڵکێشان و زیانگەیاندن بە بەرامبەر، وەک تێبین دەکرێت لە هەندێکیاندا.
نازانم ئەوە شەرمنیە وەک ئاماژەت پێداوە، کە تەریقنابێتەوە لەخۆهەڵکێشان و خۆدەرخستن لەسەر حسابی کەسانی تر و پاکوپیسی ململانێ کەسییەکان لەسەر حسابی خەباتی سیاسی و حیزبی، بە تایبەتی هەندێکیان کە وازیان لە حیزب هێناوە و پشتیانکردۆتە مارکسیەت و چەپ، نهێنیە حیزبیەکان دەکەن بە چەک بۆ زیانگەیاندن لە هاوڕێکانی ڕابوردوویان و بە تاوانبارکردنیان و ڕەفتاری زاڵمانە و هەڵڕشتنی کینە بەرامبەریان.
ڕەنگە تەریقبێت لەسەر هاوپەیمانێتی لەگەڵ بەعسیەکاندا، کە زۆربە هاوبەشیان تیا کردوە، لە کاتێکدا کە پێویستە ڕەخنە لە خۆیبگرێت پێش ئەوانیتر لەسەر ئەو کارە. مرۆڤ پەشیمان نابێت لە کارکردنیدا لە حیزبی شیوعی عێراقیدا، وەک حیزبێکی خەباتگێڕ و خۆڕاگر و لە پێناوی پرسە نیشتیمانی و گەلییەکاندا. هەستناکەم ڕۆژێک پەشیمان بووبێتم لە کارکردنم بۆ ماوەی نیو سەدە لەو حیزبەدا و نزیکیم لەو حیزبەوە، بەڵام هەست بە پەشیمانی دەکەم لە کاتێکدا کە هەڵەی کارکردن و هەڵەی سەرکردایەتی خۆمانم بیر دەکەوێتەوە لەو حیزبەدا، کە زیانی زۆری گەیاندوە بە هاوڕێ حیزبیەکانمان و تەنگەژەی زۆری بۆ گەل و نیشتیمان دروستکردوە، وەک بەرەی ساڵی 1973/1972، و یان پراکتیکەکردنی سیاسەتی هەڵەی ترمان.

**چەپی عێراقی بە قەیراندا تێدەپەڕێت، و پەرشوبلاوە، لەگەڵ ئەوەی ڕوویەکی ڕاستەقینەی بیری پێشکەوتوو بوو. هەندێک لە حیزبەکان خۆیان بە چەپ دەزانن و زۆریش دوورن لە چەپەوە؟ چۆن ئەمە دەبینیت؟ ڕای تۆ چیە لەسەر چەپەکانی تری وەک حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقی و یەکێتی شیوعیەکانی عێراق؟**

لە ساڵی 2003 دا سێ ووتارم بڵاوکردەوە لەسەر پێویستی یەکێتی چەپەکان لە ڕووی هەڵوێست و سیاسەتەوە، نەک لە ڕووی ڕێکخراوەییەوە، ئەم مەسەلەیش ویستی هەموو کۆمەڵەکانە. هەندێک بە هەڵە وای بۆ دەچوون کە دەمەوێت حیزبی شیوعی عێراقی هەڵبوەشێتەوە. زۆرێکیش بە گژمدا چوونەوە، ئەگەر ئەوە کاری لەسەر بکرایە کە من پێشنیارم کرد ئەمڕۆ چەپ لە پێگەیەکی تردا دەبوو.
هەتا هەنوکەش ئەو دەرفەتە لەبارە بۆ ئەو هەماهەنگی و پێکهێنانی ئەو بەرەیە، تەنها بیرکردنەوە و هەنگاوانی پێویستی گەرەکە. هەموو هێزە چەپەکانی عێرق لاوازن، هەروەها لە جیهانی عەرەبیشدا. مەحاڵیشە چالاک بکرێت بە پێی ئارەزوو و هیواخوازی، بەڵکو بە کار و گۆڕانی گونجاو.
حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارانی عێراق، لە حیزبی شیوعی عێراقی لاوازترە، هەروەها یەکێتی شیوعیەکانی عێراق، بە هەموویان نەیانتوانیوە بگەنە ئەو جەماوەرە بەرفراوانەی کە موقتەدا صدر و کۆمەڵە ئیسلامیە سیاسیەکان پێیگەیشتون و پێگەی خۆیان لە ناویاندا دروستکردوە، وەک عێراقیەکان دەڵێن: کە پشیلە دیار نەبوو مشکان تلیلیانە.
دەستەو، تاک تاک هەن، کە هەڵگری ئاراستەی چەپێتین لە بیر و پارکتیکیدا، هەموویان لاوازن و پەیوەندیان بە جەماوەروە لاوازە. هەروەک چۆن هێزە دیموکراتەکان لاوازن، کە ناوی خۆیان بە قەوارە یان حیزبی سیاسی دەبەن. ئەگەر ئەم هێزە لاوازانە یەکبگرن هێزێکی باش پێکدەهێنن کە لە توانایاندا دەبێت لەسەر بنچینەی خەون و هیواکانیان بگەن بە جەماوەر و پێگەی جەماوەری خۆیان بەهێزبکەن و لەدەوری یەک بەرنامەی هاوبەش کۆببنەوە و هەڵگری بەرژەوەندی و ئامانجە جەماوەریەکانبن کە هەموویان هاوبەشن تیایدا. ئومێدەوارم هەموو ئەو هێزە چەپ و دیموکراتانە ئەم ڕاستییەیان بۆ دەربکەوێت و شێوازێکی گونجاو بدۆزنەوە بۆ وەستانەوەیان لەو قەیرانەی کە عێراقی پیا تێدەپەڕێت.

**تۆ بە لایەندارێتی مرۆیی و نیشتیمانی مافەکانی کەمینەکان ناسراویت.. بەدەنگەوەهاتنی مافی کەمایەتییەکان لە کوێدایە؟ دەوری چەپی عێراقی چیە لەوەدا؟**

عێراق تا هەنوکەو بەردەوام پێکهاتوە لە چەندین پێکهاتەی نەتەوەیی و ئاین وئاینزایی، هەروەها چەندین ئاراستەی فکری و سیاسیش.
هێزی زیانلێکەوتوو لە ڕووی نەتەوەییەوە تورکمان و کلدان و ئاشوریەکانن، ئەمە لەگەل ئەوەی گۆڕان دروستبووە لە سیستەمی حوکمدا، کە دەتوانرێت چارەسەی کێشەکانیان بکرێت لە لایەن هەردوو پێکهاتەی نەتەوەیی عەربی و کوردیەوە لە عێراقدا، لەسەر بنچینەی ماف و ویژدان، نەک لەسەر لایەنداریێتی بۆ هەریەک لەم دوو پێکهاتە سەرەکیەی عێراق و بەکارهێنانیان دژی یەکتری، هەروەها لەسەر بنچینەی بەریی و چارەسەری کێشەی نەتەوەیی کەرکوک لەسەر جێبەجێکردنی بنەماکانی دەستور.
کلدانیەکان و ئاشوریەکان لەبەصرە و بەغداد و موصڵ و لە دێهاتەکانیاندا بەرەوڕووی کوشتنوبڕین وکۆچپێکردن بوونەتەوە لە دوای ڕوخانی ڕژێمی پێشوی عێراق، تەنانەت کەنیسەکانیان توشی سوتان و زیان بووە، ئەمەش بە پێدانی مافی کولتوری و ڕۆشنبیری چارەسەردەکرێت و هەروەها بە بەرهەڵستیکردنی ئیسلامە سیاسیە توندڕەوەکان و ئەوانەی ئەم کردوە توندوتیژیانە دەکەن بەرامبەر بەم کەمینانە.
جگە لە مەسیحیەکان، دیانەتەکانی تری وەک دیانەتی مەندائیەکان(المندائية ) بەروڕووی هێرش و کاری ناڕەوا بوونەتەوە لەسەر دەستی هێزە تۆقێنەرە ئیسلامیە دەمارگیرەکاندا، دژ بە مەسیحیەکان و دیانەتەکانی تر، بە کووشتن و دەربەدەرکردن و دەستبەسەراگرتنی سامان و دوکانەکانیان.
هەروەها کۆمەڵەی ئێزیدیەکان بەروڕووی ترس و تۆقاندن بوونەتەوە لەسەر دەستی ئیسلامیە سیاسیەکاندا، لە دەڤەرەکانی سەربە موصڵ. ئەمەش بە بەرهەڵستیکردن بەرامبەر بەم کارە ناڕەوایانە لە لایەن ئیدارەی موصڵ و حکومەتی عێراقەوە دەکرێت ئێزیدەکان ڕزگاربکرێن.
دیسان دەبێت کوردە فەیلیەکانمان بیرنەچێت، کە چۆن لە کاتی خۆیدا لەسەر دەستی بەعسیەکاندا بەرەوڕووی ماڵوێرانی و دەربەدەری و داگیرکردنی ماڵ و سامان و لێسەندنەوەی ڕەگەزنامەی عێراقی بوونەتەوە. کوردە فەیلیەکان بەروڕووی کۆسپێکی دڵڕەقانەی وا دەبنەوە وەک ئەوەی کە هاوڵاتی و هاونیشتیمانی نەبن، هیچ حسابێکیان بۆ ناکرێت لەسەر ئەو هەموو ڕاونان و مەرارەت و مەینەتیەیی کە توشیان هات لەسەر دەستی بەعسیەکاندا، کە دەربەدەریانکردن بۆ ئێران و گەنج و لاوەکانیان لە بەندیخانەدا بێسەروشوێنکردن. ئەم ڕەوشە ڕەوشێکی زۆر نا ئینسانیەو، دەبێت نمایشی بکەیەن.
هێزی چەپ ئامژە بەم کارەساتانە دەدەن و لەسەری دەنووسن، بەڵام ئەوە بەسنیە، پێویستە ئەمانە لە کۆمەڵە ناحکومیەکاندا ڕێکبخرێن و بەرگری لە ماف و بەرژەوەندیەکانیان بکرێت. حکومەتەکانی دوای ڕوخانی ڕژێمی پێشو دەرفەتێکیان بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە نەدۆزیەوە، یان ئارەزوویان لە چارەسەری نەبوو، لەگەڵ ئەوەی کە کات و دەرفەت زۆربوو بۆ چارەسەری ئەم کێشە هەڵپەسێراوە.
ئومێدەوارم، هێزی چەپی عێراقی بە جددی ڕاپەرن، بۆ پشتیوانیکردن لەم کۆمەڵە مرۆییە نەتەوەیی و دینیانە بۆ بەدەستهێنانی هەموو مافە نیشتیمانی و عێراقیەکانیان و پێکهێنانی دەرفەتی لەبار بۆ گەرانەوەیان بۆ عێراق.

**ڕەخنە، وا پێناسەدەکرێت کە ئامرازێکە بۆ گەشەی فکری پێشکەوتووخوازی.. پێتوانیە کە مەودای نێوان هاوکێشەی ڕەخنەگر و ڕەخنەلێگیراو لە پاشەکشە و بەرتەسک بوونەوە و شڵەژاوییدایە؟**

زۆرێک لە خەڵک وا تێگەیشتوە لە ڕەخنە کە یەک لاینەیەو برێتیە لە نەنگی و جنێودان. ئەوەی کە زۆر ڕەخنەی ڕەتکردوەتەوە و تورە بووە و ملی بۆنەداوە و پشتگوێیخستوە، حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراقی بووە، هەروەها حیزبەکان بوون، زرۆ زۆریش لە تاکەکان. لەگەڵ ئەوەی ڕەخنە دووڕوی ئەرێنی و نەرێنی هەیە لە یەک کاتدا، ڕووی گەش و جوان و ڕووی ناشیرین و دزێوی کارە حکومەتیەکان و سیاسیەکان و حیزبە سیاسیەکان و ڕێکخراوە مەدەنیەکان و تاکەکان پیشان دەدات.
لە سەردەمی بەعسیەکاندا ڕەخنەگر خۆی لە بەندیخانە و ژێر ئەشکەنجە و گۆڕدا دەبینیەوە. لە ئێستاشدا مرۆڤ بە فیشەکێک یان چەندفیشەکێک خۆی بە کوژراو و فرێدراو بەبێ دادگاییکردن و لەبەرچاوگرتنی هیچ مافێکی مرۆیی و ڕەوایەتیەک لە چەقی

ڕێگادا دەبینێتەوە. یان بە گولەی تیرۆریستان و بکوژە بەکرێگیراوەکان کە بە سەیارەکانیانەوە بەشوێن کوشتنی ئەو کەسانەوەن کە خاوەنی هەڵوێستی ڕەخنەیین ، بە نموونە وەک شەهیدکردنی(کامل عبدالله شیاع).
ئەم مەسەلەیە، پەیوەندیدارە بە هوشیاری گشتی دەوڵەت و دامەزراوەکانی و تاکەکانی کۆمەڵگاوە. میراتێکی تاقەتپڕوکێنی بەردەوام و کولتورێکی زەق و دزێوە کە لە هەموو شوێنێکدا هەستپێدەکرێت  لە سەر ڕەخەگرتن لە فکری دینی و، ڕەخنەگرتن لە حکومەت و، ئەو ڕەخنانەی بەرامبەر بەم حیزب و بەو حیزب دەکرێت.، چەند دۆستبیت لە کاتی ڕەخنەگرتندا دەبیت بە دووژمن. لەگەڵ ئەو نموونە عێراقیەی کە دەڵێت:   هاوڕێ ئەو کەسەیە کە ڕاستگۆییت لەگەڵت نەک ئەوەی قسەت دەسەلمێنێت.
ڕەخنەگر، دەورێکی بناغەیی هەیە لە کۆمەڵگادا، چ ڕەخنەگر ڕەخنەگرێکی سیاسی، ئەدەبی ڕۆشنبیری گشتی یان ڕەخنەگرێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و ئاسایشی و سەربازیی بێت. بەبێ ڕەخنەگرتن مەحاڵە چاکسازییکردن و گەیشتن بە باشتر و باشترین. ڕەخنەگرتن ئەلتەرناتیڤێکی ئەرێنیە لە جیاتی بەکارهێنانی ڕەفتاری پەرگیری و توندڕەوی. لە کاتێکدا کە ڕخنە ڕەتدەکرێتەوە و توندوتیژی و هێز بەرەورووی ڕەخنەگر دەکرێتەوە، یەکێک لەم سێ حاڵەتە درووستدەبێت: یان ڕەخنەگر دەمی دادەخات لە پێناوی پاراستنی گیانیدا، یان هەوڵ ئەدا بۆ گۆڕینی کارەکەی و خۆ ڕزگارکردن لەو ڕەوشەی کە سەرسام نیە پێی و دەیچەوسێنێتەوە، یان بەردەوام دەبێت لەسەر ڕەخنەگرتن و ئەنجامە خراپەکانی قبوڵدەکات لە و کۆمەڵگاییەی کە هیچ ئاسایشێکی تیا نیە بۆ پاراستنی گیانی هاوڵاتیان.
کاتێک ڕژێمی پاشایەتی، گوێی نەگرت لە نارەزایەتییکان و ڕەخنەکانی گەل و هێزە سیاسیەکان، سوپا بڕیاریدا یارمەتی بەرەی یەکێتی نیشتیمانی بدات بۆ ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی. بەرپرسیارەتی ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی دەگەڕێتەوە بۆ ڕژێمەکە خۆی، نەک بۆ ئەوانەی کە ڕژێمیان ڕوخان، پاش ئەوەی کە ڕەشبین بوون لە چارەسەری عەقڵانی و ئاشتیانەدا بۆ ئەو ڕەوشە بێزارکەرەی وڵات.

**ئەگەر بەراوردێک بکەین لە نێوان  دەوری ڕۆژنامە چەپە عێراقیەکان لە ڕووی ڕۆشنبیری و سیاسیەوە لە پێش ساڵی 2003 دا و دوای 2003 ، پاشەکشەکردنێکی فراوان دەبینرێت لە دروستکردنی هوشیاریەکی گشتیدا بۆ جەماوەر.. ڕای تۆ چیە لەم ڕوووەوە؟**

ڕۆژنامە چەپەکان، لە بەرژەوەندی هێزی ئۆپۆزسیۆندا کاریان دەکرد پێش 2003 ، ئەمانەش کەمبوون و سنوورداربوون، گەیشتنیشیان بۆ ناو عێراق دیسان سنووردار بوون و بە شێوازی جۆراوجۆر دەربازدەبوون، کە بەنهێنی و ژمارەی کەم چاپدەکران. ئەمە ڕاستیەکی تاڵ و لەهەمانکاتدا شەرەفمەند بوو. بەڵام لە دەرەوەی وڵات کۆمەڵێکی بچوک لە ڕۆژنامەی چەپ هەبوون. ئەوەی کە بڵاودەکرایەوە هەندێک لە پەرتوک و بڵاوکراوە گۆڤار بوون کە پەیوەندیان بە چەپەوە هەبوو. ئەمانەش کەم کاریگەریان هەبوو، دەبێت ئەم ڕاستیانە بووترێت.
پاش 1991 لە کوردستاندا، دەرفەتێکی پۆزەتیڤ ڕەخسا بۆ بڵاوکردنەوە و چاپەمەنی چەپەکان. بەڵام ئەمڕۆ ڕەوشێکی تر دروستبووە لە بەردەماندا ئاماژە بە هەندێکیان دەدەین:
ا. هەندێک ڕۆژنامە و گۆڤاری چەپی عێراقی دەردەچێت لە لایەن قەوارە و حیزبە سیاسیە چەپەکانەوە، یان لە لایەن کەسە چەپەکان و دامەزراوە چەپەکانەوە. ئەمەش بە بەراوردکردن بەژمارە زۆرەکەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی هێزە سیاسیەکان کەمە. بە تایبەتی بە بەراوردکردن بە هێزە سیاسیە ئسلامیەکان. ڕۆژنامەو چاپەمەنیە چەپەکان تەنها  لە ڕووی چەندیتیەوە کەم نین، بەڵکو لە ڕووی چۆنیەتیشەوە کەماسیان هەیە و کەمتەرخەمن، لە دەربڕینی پرسە گرنگەکانی گەل ونەگونجاون و لە ئاستی ڕۆشنبیرییەکی باڵاو پێویستدانین. هەندێک گۆڤاری دیموکراتی و پێشکەوتووخوازی تایبەت بە ژنان هەن ئەمەش دیاردەیەکی نوێیە لە عێراقی ئێستادا.
2.   هەندێک سایتی ئەلکترۆنی تایبەتیش هەن کە پەیوەستن بە ڕێچکەی چەپەوە لە بڵاوکراوەکانیاندا، هەرچەند ئەمانە زۆرنین، بەڵام چالاک و کاریگەرن، لەوانە سایت و دامەزراوەی ووتووێژی مۆدێرن(الحوار المتمدن) و عێراقیە و گیلگامش و هەروەها هەندێک لە سایتە کەسییەکان.

3. کەناڵی تەلەفزیۆنی، لای ئەوانە گیرییخواردووە کە خاوەنی توانایەکی ماڵی بەرزن، بەتایبەتی ئەوانەی لە دەسەڵاتدان، یان ئەوانەی هاوکاری ماڵییان زۆرە. بەڵام هێزی چەپ کەناڵێکی تەلەفزیۆنی نیە کە بە عارەبی و کوردی پەخشبکات. لە کاتێکدا کە دەیان کەناڵی تایەفەیی لە عێراق و جیهانی عارەبیدا هەیە، کە هێزی چەپ و دیموکراتیان خستۆتە نێو بازنەیەکی بەرتەسکەوە بە هەموو مانایەک.

زیاتر لەم دەرفەتە ڕاگەیاندنە زۆر و زەوەندانەی هێزە سیاسیەکانی دەرەوەی چەپ، دوانگە(منبر) حکومیەکان و ئەنجومەنی نوێنەرانیش لەلایەن هێزە سیاسیە ئیسلامیەکانەوە مۆنۆپۆلکراون، ئەمانەش هەموویان بیری پێشکەوتووخوازی و دیموکراتی و چەپیان بەرتەسک کردووەتەوە و، بیری کۆنسەرڤاتیڤی و سەلەفیەت و کۆنەخوازی دەدەن بە گوێی خەڵکیدا و بەرهەڵستی گەشەو پێشکەوتن و ڕزگاربوون لە میراتی ڕژێمی پێشو دەکەن. خۆ ڕزگارکردن لەم ڕەوشە ئاسان نیە، بەڵام هاوئاهەنگی لە نێوان هێزە چەپەکاندا یارمەتیدەرە بۆ شکاندنی ئەم قۆرخکردن و تەنگەژەیە.

کێشە لە عێراقدا تەنها خۆی لە ڕاگەیاندندا نابینێتەوە، بەڵکو لە هوشیاری و هەڵوێست لە دامەزراوە ڕۆشنبیرییەکان و ڕۆشنبیرانیشدا خۆی دەبینێتەوە. پاشەکشەیەکی بەرچاوەهەیە لە هوشیاریی کۆمەڵگادا، ڕۆشنبیریی زەرد(ثقافة صفراء) دەیەوێت ڕۆشنبیری زیندو و نوێ و کولتوری پێشکەوتووخوازی و دیموکراتی قووتبدات و ڕۆشنبیرییەکی زەرد بەربڵاو و فراوانبکات. ئەگەر چالاکی هەندێک لە دامەزراوە ڕۆشنبیرییەکانی وەک، یەکێتی ئەدیبان و دەوری هەندێکیتر لە بڵاکراوەکان لە هەرێمی کوردستاندا نەبێت، ڕۆشنبیری لە عێراقدا بێفەر و ووشک دەبوو. ئەمەش تەنگەژە و تەنگانەیەکی ڕاستەقینەیە کە گەلی عێراق توشی بووە و، پێویستە چارەسەربکرێت. وەزارەتی ڕۆشنبیری تەواو دوورە لە ژیان و ژینگەی ڕۆشنبیرییەوە، ئەو دیموکراتخوازنەی لەم دامەزراوەیدا کاردەکەن ترسیان لەوە هەیە چارەنوسیان وەک چارەنوسی شەهید مامۆستا (کامل عبدالله شياع) بێت. ئەم وەزارەتە پێویستی بە تێڕوانینێکی نوێ و عەقڵانی و نوێکردنەوە و موتربەکردنی ڕۆشنبیری لەسەر ئاستی عێراق و جیهانی عەرەبی و جیهان بە گشتی هەیە. هیوام وایە کە هێزی ڕۆشنبیری لە عێراقدا بتوانێت ئەم خەونە گیرخواردوە بەدەیبهێنێت.

**ئەوەی چەپی عێراقی پێناسراوە لاوازی کاری هاوبەشە لە نێوانیاندا، هۆکاری ئەمە چیە بەڕای ئێوە؟ چۆن دەتوانرێت لەم گرفتە دەربازبێت؟ هیوایەک هەیە بۆ بەدیهێنانی بەرەیەکی فراوانی چەپ و دیموکراتی لە عیراقدا؟**

ئەوەی چەپی پێدەناسرێتەوە چەند ڕوخسارێکە وەک:

1. لاوازی چەپ بە شێوەیەکی گشتی بە هۆکاری بابەتیی و خۆیی، ئامۆژە بە هەندێکیان دا.
2. ئەو ململانێیانەی لەگەڵ کاری ئەم هێزە چەپەدا هاتوە لە تەمنیدا.
3. تێشکان و بەدواداگەڕانەوەی هێزی چەپی ئەمڕۆی عیراق، لە ژێر عاباکەی حیزبی شیوعی عێراقیەوە هاتووە، ئەمەش پەیوەندیەکانی ئاڵۆزکردوە.
4. هەریەکە لەم هێزە چەپانە جۆرێک لە نەرگزیەت و لوتبەرزیی وای هەڵگرتوە کە خۆی بە پێشەنگ و ڕاست و دروستتر دەزانێت لەوانی تر و نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی چینی کرێکار و زەحمەتکێشان تەنها دەگێڕێتەوە بۆ خۆی.
5. جیوازییە ڕێژەییەکان لە ستراتیجیەتدا، جگە لەوەی کە دوورن لە واقعەوە، بەدەستهێنانی ئامانجە نزیکەکانیشیان دوورخستۆتەوە.
6. هێزە دژەکان، بەنزین دەکەن بە ئاگری جیوازییەکانی نێوان ئەم هێزە سیاسیانەدا.

بەداخ و پەژاریەکی زۆرەوە هەندێک لەو هێزانە تواناکانی خۆیان لە گەوەربوونی نووسینگەکانیان و جوانکاریی بارەگاکانیاندا خەرجدەکەن و، بەڵام پەیوەندیەکانیان بەخەڵک و ئەندامان و هەوادارانیانەوە بەرتەسک دەبێتەوە. هەڵبژاردنەکانیش ئەم قسەیە پشتڕاستدەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەی هەندێکیان ئەم ڕاستییە ڕەتدەکەنەوە!.

بۆ خۆدەربازکردن لەم حاڵەتە ئەم چەند خاڵە دەخەمە ڕوو:

أ. بەخۆداچوونەوە لە ستراتیجیەتی هەریەک لەم هێزانە و دیاریکردنی داخوازییە هەنووکەییەکان، ئەویش بەپێی لێکۆڵینەوەکان لە ڕەوشی ئێستا و دەستنیشانکردنی ئامانجە نزیکەکان و دوورکەوەتنەوە لە داخوازییە ئارەزوومەندییەکان.
ب. مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتری لەسەر بناغەی ڕێزگرتن و دوورکەوتنەوە لە زیادەڕۆیی لە نیشاندانی توانا و هێزدا و، قبوڵکردنی سەرکردایەتییەکی هاوبەش بە پێی پرنسیپە دیموکراتییەکان.
ت. بەستنی کۆنفرانسێکی فکری و سیاسی فراوان بۆ ووتووێژکردن لەسەر ڕەشنوسی بەرنامەی سیاسی و ئابووی و کۆمەڵایەتی بۆ قۆناغی ئێستا و دوور لە سیاسەتی ستراتیجیەتی دوورمەودا. بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ هێزە سیاسیەکان دیاریبکرێت و، دوجاریش بەرفراوانبکرێت بۆ هێزە دیموکراتخوازەکان.
ث. هەڵبژاردنی سەرکردایەتییەکی مەیدانی بۆ بەدیهێنان و جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە.

هەستدەکەم، ڕۆحسوکی و ڕێزی دوولایەنە و ڕاستگۆیی و ڕوونی و بەکارنەهێنانی خراپە و بە بچووک تەماشانەکردنی ئەویتر و بەکەمنەزانینی توانای بەرامبەر، ڕێگەیەکی دروستە بۆ یارمەتی و هاوئاهەنگی لە قۆناغی ئێستا و داهاتوودا.
بەڵێ هیوا هەیە، بۆ دروستبوونی ئەو بەرەفراوانەی لە پرسیارەکەتدا ئامۆژەت پێداوە، هەردەبێت هەوڵەکان یەکبخرێن، بەلای کەمەوە زۆرێک لە هێزە چەپەکان ئەگەر هەمووشیان نەیکەن. تا چیتر هەڵنەوشێن و پەرەوازەنەبن لە ناو قەوارە سیاسیەکانی تردا، کە لە ڕاستیدا ئەوە ڕەشبینییە وایلێکردوون خۆیان لەناو ئەو قەوارە سیاسیانەدا بدۆزنەوە.

**دوای گۆڕانکاریە گەورەکەی 9 ی نیسانی 2003 لە عێراقدا، ڕوخساری ڕاستەقینەی پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگای عیراقی دەرکەوتن، مێژوو چی دەنووسێت بۆ ئەم پێکهاتە و ستراکتورە نوێیە؟ دووبارە نووسینەوەی مێژوو، دووبارە هەڵسەنگاندنەوەیەکی نوێ دەبێت بەو جۆرەی کە هەر پێکهاتەیەک مافی خۆی پێبدرێت؟**

ئەگەر لە وەڵامی بەشی دوایی پرسیارەکەوە دەستپێبکەین، مێژوو چەند جارێک و بە چەند تێڕوانینێک دەنووسرێتەوە، بە پێی ئەو گۆشە نیگاییەی کە نووسەری مێژووکە نوێنەرایەتی دەکات. مێژوو کۆمەڵە ڕووداوێکە کە مرۆڤ بە ویستی خۆی، یان بەبێ ویستی خۆی، درووستی دەکات. صەدام حسەین هەوڵیدا دووبارە مێژوو بنووسێتەوە بۆ شێواندنی و شێواندنی مێژووی عارەب، بۆ ئەوەی لاپەڕە ڕەشەکانی مێژوو سپیبکاتەوە، یان بۆ سپیکردنەوەی لاپەڕە ڕەشەکانی خۆی، یان بە چەند هۆکارێکی تر کە نامەوێت لێرەدا قسەی لەسە بکەم. لەم ڕێگەیەشەوە ئەو مێژوو نووسانەی کەوتبوونە ژێر ویستی ئەوەوە چەندین پەرتوکی مێژوویان شێواند لەوانەش بە نموونە(احمد سوسە).
لە نێوانی 1961 ـ 2003 دا چەندین گۆڕانکاری قوڵ هاتەدی لە ئەنجامی ئەم خاڵە جەوهەریانەدا:
1. سیاسەتە خوێناویی و سەرکوتکەرەکانی هێزەکانی ڕژێمی قەومی بەعسیەکان.
2. بیری شۆڤێنی و ڕەگەزپەرستی و داپلۆسینەری بەعسیەکان لە عێراقدا، هەوڵدانیش بۆ پەروەردەکردنی نەوەکان لەسەر هەمان بیری قەومی سەلەفەی و دواکەوت و فاشی کە ئەو ڕژێمە و سیاسەتی حیزبی بەعسی صدامی پێی ناسرابوو لە عێراقدا.
3. جەنگە ناوخۆییەکانی ئەو ڕژێمە دژ بە گەلی کورد و دژ بە کوردە فەیلییەکان و دژ بە عارەب لە ناوەڕاست و باشوردا، ئەمەش پیسترین ڕەفتاربوو کە دەرهەق بە هاوڵاتیانی ژن و پیاو دەکرا.
4. سیاسەتە ئابووریە بێئومێد و ڕوخێنەرەکان، کە لە سەرەتای هەشتاکانەوە پارکتیکەی دەکرد، دیسان لە نیوەی دەییەی هەشتاکانەوە، بە ئاراستەیەکی هەڵە نا تەندرووست و ناپارمەتیدەردا گوزەریکرد، کە گەشەیەکی درووست و عەقڵانی لێنەکەوتەوە.
5. سیاسەتی خۆ پڕ چەکردن و بەسوپاکردنی کۆمەڵگا و، قەڵەمڕەویی لەسەر حسابی هاوسێکان.
6. سیاسەتی بەفیڕۆدان و خەرجکردنی بێبنەما بۆ ئەو دەستەو تاقم و دامەزراوە مشەخۆرانەی سەربەخۆی بوون و، درووستکردنی بێباریی لە ناو ڕیزکانی کۆمەڵگاداو، گومان درووستکردن لەسەر هەموو کەس و دانانی تۆڕی جاسوسی و

هەواڵگری لە ناو خەڵکدا و، ترسان لە ووتنی هەرچ شتێکی ڕاستی و ڕەخنەگرتنێک، کە دەزانرا ئەنجامەکەی سزایەکی دڵڕەقانە دەبێت.

لە کاتێکدا باس لە پێکهاتەکانی کۆمەڵگای عێراقی دەکرێت، مەبەست لێی رووە نەتەوەیی و چینایەتیەکەیەتی، ئەمڕۆش بە هەڵە هەوڵدەدرێت کە پێکهاتەی دینی و ئاینزایی بۆ زیادبکرێت. ئەو گۆرانکاریانەی بەسەر کۆمەڵگادا هاتووە لە رووی چینایەتیەوە زۆر گەورەن، چینی ناوەڕاست سڕایەوە لە ماوەی حوکمی بەعسیەکاندا، چینی کرێکاریش تا ئەوپەڕی سنور بەرتەسک بووەوە، چینی کرێکار پێکهاتەکەی جارانی حەفتاکانی سەدەی ڕابوردووی نەما. زۆرێک لە گەنجان ولاوانی جوتیاران کۆچیانکرد بە هۆی پەیوەستبوونیان بە سوپا و پۆلیس و ئاسایشەوە، یان توشی کەمدەرامەتی و بێکاری بووبوون و دەستیان داووە کاری فرۆشتنی شتومەکی ڕۆژانەی سەرشەقامەکان و دەستگێری سەر عارەبانەکان لە چەقی ڕێگاوبانەکان و کۆڵانەکان و گەڕەکەکان و شوێنە گشتیەکاندا. چینی بۆرژوازی پیشەسازی لە بەرتەسکبوونەوەیەکی ئاشکرادابوون، هەروەها بۆرژوازیی کشتوکاڵی بە هەمان شێوە. پڕبوونەوەی دامەزراوە دەوڵەتییەکان لە فەرمانبەران تا ژمارەیان گەیشتە 2.5 دووملوێن و نیوو. سوپایەکی بیرۆکراتی گەوەرە و فراوان کەبە مشەخۆریی لەسەر دەرامەتی نەتەوەیی دەژیان. بۆرژوازیەتی بازرگانی لە گەشدا بوون، بەلام لە بەرژەوەندی ولاتدا نەبوون، چوونکە دژی پیشەسازی و وەبەرهێنان و کشتوکاڵ بوون، ببوون بە کۆمپرادۆر و وابەستەی کۆمپانیە بازرگانیە گەوەرەکان بوون.
توێژی ڕۆشنبیران زۆر گەشەیان نەکرد و هەندێکیان تا هەنووکەش لە دەرەوەی ولاتن. بۆرژوازی بچووک لە بواری پیشەوەریدا تا ئێستا بوونیان هەیە، بەلام بەرەورووی پێشبڕکێی شتومەکە هاوردەکان بوونەتەوە و ئەمەش بۆتە هۆکاری دابەزینی نرخی کاڵاکانیان و دروستبوونی ڕەوشێکی خراپ بۆیان.
توێژی دەوڵەمەند سنوردار و دیارن، کە بە هەمەجۆرە دەوڵەمەند دەبن و، لەوانەش گەندەڵی دەوری سەرەکی دەبینێت لە دەوڵەمەندبوونیاندا، ئێستا لە عێراقدا لە سەتا چڵ 40% ی دانیشتوان لە ژێر هێڵی هەژارییەوە دەژین. ئاستی بێکاری لە ڕاستیدا بەرزە، لەگەڵ باشبوونی ئاستی فەرمانبەران و هەندێک لە توێژە کۆمەڵایەتیە ناوەندییەکان. تابلۆیەکی شێوندراوی چینایەتی کە لاوازییەکی زەقی هوشیاری کۆمەڵایەتی و سیاسی بە دوای خۆیدا هێناوە. پێویست بە دووبارە نووسینەوەی مێژوو ناکات، بەڵکو پێویست بە گۆرانکاری دەکات لە بونیادی کۆمەڵگا و چینایەتیدا، کە بەبێ ئەم گۆرانکاریە، ناتوانرێت بونیادی ئابووری نیشتیمانی و پرۆسەی ئابووری عێراق بگۆردرێت و گەشەبکات، ناکرێت بەردەوامیيدان بە ئابووری ریعی(مەبەست لە ئابوری ریع: دهاتە سروشتیەکانە، بە نموونە نەوت لە عێراق و ولاتانی عەرەبیدا.. وەرگێر) و پشتپێبەستنی، بەبێ گەشە و هەمەجۆریی لە بەرهەمی پیشەسازی و کشتوکاڵیدا. هەروەها لە سیاسەتیشدا، بۆ دەربازبوون لە سیاسەتی دینی و ئاینزایی لە دەوڵەت و حکومەتی عێراقیدا.

**ئیسلامی سیاسی دژی هەموو هێزە پێشکەوتووخوازەکان و عالمانیەت و بە تایبەتی چەپەکانە، درووستکردنی بەرە لە نێوان هێزە چەپەکان و ئیسلامی سیاسی و ڕاستەکان لە ناوچەکەدا چۆن دەبینێت؟**

دەبێت خوێندنەوەیەکی روون و ئاشکرامان هەبێت لەوەی کە دەگوزەرێت لە عێراقدا لە دووتوێی ئەم پرسیارەوە: هێزی سیاسی ئیسلامی دەیانەوێت چی پێکبهێنن لە عێراقدا؟:
هێزی ئیسلامی سیاسی لە عێراقدا دەیانەوێت رژێمێکی ئیسلامی سیاسی پێکبهێنن، بەپێی شەریعەتی ئیسلام دەوڵەت بڕوات بەڕێوەو و شەریعەت و یاسا ئیسلامیەکان سەرچاوەی یاسا کۆمەلایەتی و سیاسیەکان بن. بەلام هێزی ئیسلامی سیاسی بە هۆی بەرهەڵستکاری هێزە عالمانیەکان نەیانتوانی ئەم ئامانجەی خۆیان بەدیبهێنن، ئەمەش لە دەستوردا تۆمارکراوە، هەرچەندە دەستور لێرەو لەوێ داخوازیە ئیسلامیە سیاسیەکانی پاراستوە، هەروها لە پێشەکی دەستوردا ڕوخسارێکی دینی و تایەفەگەرێتی پێوە دیارە، کە لە دەستورەکانی عیراقی کۆندا لە ساڵی 1925 ەوە ئەوە نەبووە. ئەم هێزە ئیسلامیە بەردەوام لە هەوڵی خۆیدایە لەگەڵ پاشکشە تەکتیکیەکانیدا، بەلام واقعی عێراق لە رووی نەتەوەیی و دینیەوە ڕێگە بەمە نادات، لەگەڵ ئەو هەوڵە بەردەوامەیاندا.

هێزی ئیسلامی سیاسی کۆمەڵگای مەدەنی و عالمانی و دیموکراتی و چەندێتی هێزی سیاسی ڕەتدەکاتەوە و قبوڵی نیە، بەو بیانوەی کە ئەوە لە ئیسلامدا نیە، لە کاتێکدا کە دیموکراتیەت لە ئیسلامدا نەبێت، وەک ئەو هێزە ئیسلامیە دەڵێت، کەواتە ئیسلامی سیاسی و حوکمی فەقیە بەدەرنیە لە سەرکوتکردن. هەر ئەو کێشە گەورەیەشە کە لە ساڵی 1979 وە ئێران گیرۆدەی بووە.

هەندێک لە هێزە ئیسلامیەکان هەن، کە حوکمی فەقیە و بەستنەوەی دەوڵەت بە دینەوە ڕەتدەکەنەوە، ئەمەش کەمن لە عێراقدا، ئەم هێزە دەتوانرێت پارمەتیبکرێن. هیچ بیانوویەک لە ئارادا نابینمەوە بۆ هاوکاری و پارمەتی هێزە ئیسلامیەکان، لە کاتێکدا ئەوان لە حوکمدان و تا ئەم ساتە سەرکوتکەرن و چ لە ئاستی حوکمکردنیاندا و چ لە ئاستی دامەزراوە دەوڵەتییەکانیاندا و هەروەها لە ئەنجومەنی نوێنەرن و تەشریعیشدا سەرکوتکەرن... هتد.

باشترین کار ئەوەیە، کە هێزە چەپەکان و هێزە دیموکراتەکان قەوارەیەکی دیموکراتی ناڕازایەتی لەدەرەوەی ئەنجومەنی نوێنەران و حکومەت دروستبکەن، پراکتیکەی سیاسەتێکی پۆزەتیڤانە و بابەتیانە بکەن بەرامبەر هەڵوێست و کار و چالاکیە ئەنجامدراوەکانی حکومەت، کە بەباش بووترێت باش و بە خراپیش بووترێت خراپ و بخرێتە ژێر ڕەخنەوە و هێزی جەماوەری بۆ هەڵخڕێنرێت، وەک فشارێک بۆ گۆڕینی سایسەتێک کە لە بەرژەوەندی گەل و نیشتیماندا بێت.

## ژنان لە پاشەکشدان لە سەرکردایەتی حیزبە چەپەکاندا، هۆکاری ئەمە چیە، چۆن پاڵپشتی لە پێگەی ژناندا بکرێت بۆ سەرکردایەتی ئەو حیزبانە؟

کۆمەڵگای عێراقی کۆمەڵگایەکی پیاوسالاریە بە مانای ووشە، پیاوسالاری قۆرخکار، ژنانی بێبەشکردوە لە پێگە شایستەکانیان لە سیاسەت و دەوڵەت و کۆمەڵگا و حیزبە سیاسیەکان و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیە مەدەنیەکاندا. حیزبە عێراقیەکان زۆربەیان پیاوسالاریان تیایە لەگەڵ ئەوەی کە زۆریان قسە لەسەر پێویستی دەوری ژنان دەکەن لە کۆمەڵگاو حیزبە سیاسیەکاندا، هەروەها هێزە چەپەکانیش بۆخۆیان پیاوسالارن، کەم لە ژنان بوونیان هەیە و چالاکن لە بواری سەرکردایەتی ئەم هێزەدا. ئەم مەسەلەیە مەسەلەیەکی نابەجێ و نارەوایە متمانە باوەڕی هێزە چەپەکان و دیموکراتەکان لەق و لاواز دەکات.

بوونی ژمارەیەکی گونجاو لە ژنان لە سەرکردایەتی ئەم هێزە چەپ و حیزبە دیموکراتانەدا لەم وڵاتدا بێگومان هاوبەشی جددی دەکەن لەم پرسە گرنگانەدا:

أ. پراکتیکەکردنی یەکسانی ژنان و پیاوان لە مافەکانیاندا، لەناو ئەو هێزانەدا بە کردەوە نەک تەنها بە قسە و درووشم، پەسەندێتی ئەو هێزانە دەسەلمێنێت.

ب. هاوبەشی ژنان وپیاوان پێکەوە لە سەرکردایەتییدا و، بەردەوام گفتوگۆ و وتووێژەکانیان لەسەر پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان ئاستی ژنان بۆ ئەو کارە بەرزدەکاتەوە.

ت. بوونی ژنان لە سەرکردایەتیدا، وادەکات کە سەرکردایەتی مەسەلەی ژنان بە جددیتر وەربگرن، کە بەبێ بوونی ژنان ئەو مسەلەیە زۆر جار پشتگوێدەخرێت و قسەی لەسەر ناکرێت.

ث. هاوبشیدەکات لە دەوەری ژناندا و نزیکبوونەوە لە ژنان لەم حیزب و لەو حیزبدا و هەروەها لە کۆمەڵگادا، زایاتر مسۆگەردەکات و زیاتر کێشەکانیان دەکەونە بەرباس ولێکۆڵینەوە.

ج. دەورێکی گرنگ دەبینێت لە شکاندنی دابونەریتە دواکەوتووەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ ژناندا لە ناو کۆمەڵگا و قبوڵکردنی ژنان لە بواری سیاسەتی گشتیدا. ئەمەش ویژدانێکی سروشتیە کە دەبێت ئەم هێزە چەپ و دیمکوراتانە پراکتیکەی بکەن.

ئێمەی چەپ زۆر قسە لەسەر مافی یەکسانی ژنان و پیوان دەکەین، بەڵام وەک خۆی پراکتیکەی ئەو قسەیەمان ناکەین، جارێک لە یەکێک لە بەرپرسە گەورەکان، پرسیارکرا بۆچی ژنان ناگەنە سەرکردایەتی حیزبە چەپەکان، لەوڵامدا ووتی: چوونکە کۆمەڵگا هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە، ئەم شیکاریی و وەڵامە هەڵە زیانبەخشە.

کۆمەڵگای باوکێتی و فیوداڵ و خێڵەکی و دواکەوت و، لە جیهانی عارەبی و عێراقدا بە دابونەریتە پوکاوەکانیەوە مەحاڵە بگەڕێتەوە بۆ سەدەی بیستویەک و، قبوڵبکرێت لەم سەدە و سەردەمەدا، کەچی ئێستا هەژمونی هەیە بەسەر ڕەفتار و

ئەخلاقیاتی کۆمەڵگای عێراق و نزیکەی هەموو کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین! و، بەسەر حیزبە سیاسیەکان و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیە مەدەینەکانیشدا، نەک بەسەر کۆمەڵگای سەرمایەداری و، کۆمەڵگای بۆرژوازی مەدەنیدا. کۆمەڵگای بۆرژوازی بە ڕێژەیەک ئازادی و مافی ژنانی تیا بەدەستهاتوە و لە دەستوریشدا تۆمارکراوە و جێگیربووە، بەڵام جیوازیەکان هێشتا هەر بوونی هەیە، هەروەها سروشتی قۆرخکردن لە سەرمایەداریشدا پاڵنەرە بۆ سەرمایەداران کە ژنان ژێردەستبخەن، وەک پێدانی کرێی کەم بە ژنان و هەڵوێست وەرگرتن لەسەر هەندێک لە مافەکانی تری ژنان وەک پێنەدانی پێگەی قیادی بۆ ژنان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مافی ژنان زیاتر لە کۆمەڵگا دواکەوتوەکان پارێزراوە.

لە سەدەی نۆزدەهەمدا، نووسینەکەی (اوغست ببیل) لە پەرتوکە بەناوبانگەکەیدا بوو بە هەڵوێستێکی گشتی بۆ هێزە چەپەکان، ئەم کتێبە بووە هۆی ئەوەی کە ژنان لە کۆمەڵگا ئەوروپیەکاندا و کۆمەڵگای ئەڵەمانیدا پێبگەن و گەشەبکەن و دەورێکی سەرکەی ببین لە بزووتنەوەی سیاسی سۆسیالیستیدا. کەچی لە کۆمەڵگا سۆسیالیستەکاندا ئەوەندە ئەم پەرتوکە ژنان و پێگەی ژنانی نەبردە پێشەوە بۆ سەرکردایەتی حیزبە شیوعیەکان و سەرکردایەتی دەوڵەت، ئەمەش یەکێکە لە تێبینیەکان لەسەر ئەو دەوڵەتانە، لە کۆمەڵگا باوکیەکانیشدا تا ئێستا ژنان ژێردەستەن و ئازادیەکانیان پێشێلدەکرێت.

ئەو یاسایانەی کە مافی ژنان و یەکسانیان بە پیاوان مسۆگەردەکەن زۆر پێویست و بەکەڵکن، ئەو یاسایانە دەبێت بە چەکێک بەدەست ژنانەوە بۆخەباتکردن لە پێناوی بەدەستهێنانی ناوەڕۆکی ئەو یاسایانەدا. بەڵام دەبێت ئەوە بزانین یاسا شتێکە و کردەوە پراکتیکیەکانیش شتێکی ترە، ئەمەش بەومانایە دێت کە هەموو ژنان و خەباتگێران دەبێت خەباتێکی بەهێزبکەن لە پێناوی گۆڕینی هوشیاری کۆمەڵگادا، بەتایبەتی هوشیاری ژنان و، هەروەها هوشیاری پیاوانیش. گۆڕینی هوشیاری بە گۆڕینی بونیادی ئابووری نیشتیمانی و کۆمەڵگا دەکرێت، هەروەها بە گۆڕینی ئاراستەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و بەدەستهێنانی ڕۆشنکردنەوەی مەسەلە دینیەکان وکولتورە کۆمەڵیەتیەکان بەرامبەر بە ژنان دەکرێت. لەسەر هێزی چەپە، کە نموونە پێشکەشکات لە پێدانی مافی ژنان و دەرکەوتنی ئەو مافانە و یەکسانی ژن و پیاو لە بەرنامە سیاسی و کۆمەڵایەتیکانیدا، تا ئەمەش ببێتە نەریتێکی سیاسی کۆمەڵایەتی وچاولێکردن لێی.

هەژاری بیری پیاوسالاریی لەوەدایە، کە ژنان بە کەم عەقڵ دەزانن، ئەمەش ئەوە دەسلمێنێت کە ئەوانە خۆیان کەم عەقڵن نەک کەسانی تر، ئەمان مەبەستیانە بڵێن کە دەوری پەروەردە و خوێندن و ڕۆشبیریی وشارستانیەت کاریگەری نیە لەسەر پیاو و ژن. ئەم ووتەیەش ئەوەمان بۆ دڵنیادەکاتەوە: پیاو سەرپەرشتیار و چاودێرە بەسەر ژنانەوە ،، أن الرجل قوامون علی النساء،،! پرسیارێکی دادپەروەرانە لێرەدا دەکەین: بۆچی؟ بۆچی پیاوان سەرپەشتیار و چاودێرن بەسەر ژنانەوە؟ لە کوێوە ئەم پێگە باڵایە هاتووە بۆ ئەوەی پیاوان خۆیان بسەپێنن بەسەر ژناندا؟ ئەوانەی ئەم قسەیە دەکەن هیچ جۆرە وەڵامێکیان پێنیە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە دادپەروەرانەیە. پێویستە ئەم مەسەلە دواکەوتوانە فرێبدرێن و ئاوڕیان لێنەدرێتەوە. ژن یەکسانە بە پیاو لە هەموو شتێکدا، جگە لە منداڵبوون، کە بەبێ ژن منداڵ نابێت. ژن و پیاو هەریەکەیان ئەوی تریان تەواودەکەن و پێکەوە کامڵ دەبن، و هاوبەشیدەکەن لە بەدەستهێنانی دووبارەبوونەوەی پرۆسەی بەرهەمهێنانی ڕەگەزی بەشەری، یان بەدەستهێنانی زاووزێ و پاراستنی جۆری مرۆڤ.

لەسەر هێزی چەپ پێویستە، بەرنامەو و ڕەفتارە پراکتیکیەکانی خۆی بگۆڕێت بەرامبەر بە ژنان و زەمینە سازبکرێت بۆ گەیشتنی ژنان بە سەرکردایەتی و پێشەنگی، چوونکە ئەم هێزە لە ڕووی پراکتیکیەوە جیاوزی نیە لەگەڵ هێزەکانی تردا، لە زەمینە خۆشنەکردنیاندا بۆ گەیشتنی ژنان بە سەرکردایەتی حیزبەکان هێزی چەپ هەروەک هێزەکانی تروان.

لەگەڵ ئەوەی لە کوردستاندا ڕەوشەکە جیاوازی هەیە و زیادبوونی دەوری ژنان لە کۆمەڵگای کوردستانیدا لە کوردستانی عێراقدا تا ئاستێک دەرکەوتووە، کەچی هەمان حاڵەت تێبینی دەکرێت لە سازدانی دەوەری ژنان لە حیزبە چەپەکانی کوردستاندا!، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە کۆمەڵگای پیاوسالاری لای شەرمە بە تەنیشتی ژنانەوە دابنیشن، چوونکە ئەمان لەوان پێگەیان بەرزتر و ڕاقیترن و(هم قوامون علی النساء) ، لەسەر ژنانیش پێویستە کە ڕازیبن بە بەختی ڕەشی خۆیان لەو کۆمەڵگا و حیزبانەدا کە بە ناو بەرگریدەکەن لە ئازادی و یەکسانی.

2010\8\17

ماڵپەڕی جیهاد محەممەد کەریم